http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.370

# مێژووی كۆمەڵی مەدەنی و ئاستەنگەكانی بەردەمی لە هەرێمی كوردستاندا.

## توێژینەوەیەكی مێژوویی – فكریە

احمد حمه مصطفى

بەشی مێژوو ,كۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەكان, زانكۆی ڕاپەرین

Ahmedhama1976@gmail.com

### پوختە

نوسین و توێژینەوە لەبارەی چەمكی كۆمەڵگای مەدەنی و ئاستەنگەكانی بەردەمی هەمیشە پاڵنەری تایبەت بەخۆی هەیە ،بەسەرنجدان لەوەی كە لێرەو لەوێ وبەبەردەوامی سیستەمە شمولی و تۆتالیتاریەكان خۆیان نمایش دەكەن و دەكەونە بەرتەسك كردنەوەی ئازادیەكان و پێشلیكردنی مافەكان،جاچ مافە سیاسیەكان بن یان مافە مەدەنی و ئابووری و كۆمەلآیەتی و یاساییەكان بن،لەدوای دەركەوتنەوەی ڕژێمە ستەمكاریەكانی سەدەی بیستەم لەبەرگی نازیزم و فاشیزمدا،جاریكی تر قسەكردن لەسەر ئەم چەمكە وەك پێویست خۆی نمایندەكرد،بەوپێیەی مەبەستی سەرەكی گروپ و دام و دەزگاكانی كۆمەڵی مەدەنی لەزۆر حاڵەتدا كورت كردنەوەی دەستی دەسەلآتە لەكایە جۆربەجۆرەكانی ژیان و فەراهەم كردنی پانتایی ئازادیەكانە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانیت گوزارشت لەویست و ئیرادەو داخوازیەكانی بكات وهەست بەكەرامەت و بوونی خۆی بكات لە كۆمەڵگا.

**كلیلی ووشەكان :** مێژووی كۆمەڵی مەدەنی , هەرێمی كوردستان, ئازادیەكان , مافەكان ,سەدەی بیستەم

### ئامانجی توێژینەوەكە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تیشك خستنەسەر مێژووی ئەم چەمكەو سەرهەڵدانیەتی لە وولآتانی ئەورووپادا , پاشان هاتنەناوەوەی ئەم چەمكەیە بۆ وولآتانی عەرەبی ئیسلامی و دواتر عێراق و هەرێمی كوردستان، پاشان وەستانە لەسەر ئاستەنگەكانی بەردەمی و هەوڵێكیشە بۆ بەمەدەنی كردنی دامەزراوەكان و گە شە پێدانی مافە مەدەنیەكان لە هەرێمدا.

### گرنگی توێژینەوەكە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی نمایش دەكات كە لەهەر كات زیاتر لە ئیستادا تاكی كورد هەست بە پەراوێز خستن و بێ مافی دەكات و پێویستی گروپ بەندی و ڕێكخراوە مەدەنیەكان جارێكی تر دێنێتە پێشەوە.

### پلانی توێژینەوەكە

ئەم توێژینەوەیە دابەشی پێشەکی و چوار تەوەرو دەرئەنجام کراوە بەم شێوەیە :لە تەوەرەی یەکەمدا ،تیشك خراوەتە سەر چەمك و پێناسەی کۆمەڵی مەدەنی،تەوەرەی دووەممان تەرخان کردوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی ئەم چەمکە ،لە تەوەرەی سێیەمدا سەرنجمان خستۆتە سەر بنیات نانی کۆمەڵی مەدەنی و تایبە تمەندی و ڕەگەزەکانی ،تەوەرەی چوارەم و کۆتایشمان پەیوەست کردوە بە ئامانج و ئاستەنگەکانی لە هەرێمی کوردستان.

## تەوەری یەکەم: کۆمەڵی مەدەنی : چەمك و پێناسە

کۆمەڵی مەدەنی یاخود کۆمەڵگای مەدەنی [1] کە ئێمەی کورد بەکاریدەهێنین لەڕووی زمانەوانیەوە لە (المجتمع المدنی) عەرەبییەوە وەرگیراوە، ووشەی (المجتمع – کۆمەڵگا) لەکرداری (جمع) ە یان (إجتمع) وەرگیراوە بەمانای کۆبونەوەی خەڵکانێك لەدەوری شتێك یان گروپێك یان گروپ بەندی لەدەوری ئامانجێکی دیاری کراو دەگەیەنی [2] .

د. بورهان غلیون بیرمەندو پرۆفیسۆری کۆمەڵناسی گەورەی سوری (1945_ )لە پەرتوکەکەی خۆیدا (کۆمەڵگای شارستانی) ووشەی شارستانی وەك هاوواتای مەدەنی بەکارهێناوە، لەزمانی عەرەبیشدا ووشەی (شارستانی –حچارە ) لە (حچر) ەوە وەرگیراوە کە بەواتای سەقامگیری و نیشتەجێ بوون دێت وە بە پێچەوانەی ووشەی (بداوە) دەشتی و خێڵەکی بەکارهاتوە [3]

(المجتمع المدنی)لای عەرەبەکانیش وەرگیراوی ووشەی (civil society) ی لای ئینگلیزەکانە کە لە دەستەواژەی ( politke kanomia ) ئەرستۆو فەیلەسوفی یونانی(384_322ب.ز) وەرگیراوە کە مەبەست لێی خەڵکانێکن کە لە (دەوڵەتە شار) دا دەژین واتا دەوڵەتە شارەکانی یۆنان [4] بەوپێیە بێت ووشەی (شارستانی –حچارە ) کە بورهان غلیون بەکاریهێناوە تەواو نزیکە لەو چەمکە یۆنانیەیی کە ئەرستۆ بەکاریهێناوە .

ئەم چەمکە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم و پاش (تیۆری پەیمانی کۆمەلأیەتی) هاتۆتە هزری سیاسیەوە ,کەباس لە رەوش و هەلومەرجێك دەکات کە مرۆڤ لە ئازادیە سروشتیەکانی خۆی خوش دەبێت و مل بۆ دەسەلأتی دەوڵەت و یاسادا دادەنەوێنیت [5]

سەبارەت بە پێناسەی ئەم چەمکەش ڕاو بۆچونی جیاواز لەبارەیەوە هەیەو بیرمەندان و تایبە تمەندانی ئەم بوارە لە دیدگاو تێڕوانینی جیاوازەوە ئەم چەمکەیان شرۆڤەو شیکردۆتەوە ,ئەم ڕاجیایەی لێکۆڵەرانیش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی گەشەی ئابووری وسیاسی و کۆمەلأیەتی کۆمەڵگاکان . واتا کۆمەڵگاکان لە (زەمان و زەمینی) جیاوازدا پێشوازیان لەم چەمکە کردەوەو

---

[1] لای ئێمەی کورد هەردوو دەستەواژەی (کۆمەڵگای مەدەنی یان کۆمەڵی مەدەنی ) بەکاردەهێنرێت و زۆرجار لەیەکتری جیاناکرێنەوە کە توێژەر پێیوایە ووشەی کۆمەڵ بۆ ڕێکخراوەکان و گروپەکان شیاو گونجاوەو ووشەی کۆمەڵگاش ئاماژەیە بۆ کۆمەڵگایەك کە کۆمەڵە مەدەنیەکان نەشونمایەکی سروشتیان تیادا کردووەو جێگای خویان کردۆتەوە .

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : تعریف المجتمع لغة واصتلاحاَ. mawdoo3.com

[3] فەرهاد محمودحاتم و هێمن جبار محمود،دەرکەوتنی شارستانی ،نوێ بوون ،گۆڤار،ژمارە 7 ،ساڵی 2009،لا32.

[4] زاهیر محمدی و یاسین حاجی زادە، فەرهەنگی سیاسی ئارەش،چاپخانەی ڕۆژهەلأت ،وەزارەتی پەروەردە ،هەولێر ،ساڵی 2006،لا528.

[5] هەمان سەرچاوە ،لا 528-529.

بە پێی ئاستی هۆشیاری و گەشەی کۆمەڵایەتیان ,هەم هەڵویستیان لەبەرامبەردا وەرگرتوە هەم هەوڵی خۆگونجاندنیشیان لەتەکدا داوە. ڕۆچوون بەمێژووی ئەم چەمکەدا هەڵدەگەرین بۆ تەوەری دووەمی ئەم توێژینەوەیەو هەوڵدەدەم لەم تەوەرەیەدا بۆ زیاتر ئاشنا بونمان بەکۆمەڵی مەدەنی چەند پێناسەیەك بخەمە ڕوو.

ئێرنست گلەربیرمەندی فەرەنسی(1925_1995) وای بۆدەچێت کە: (ئەم کایە گونجاوە یە کە گروپ و دام و دەزگا کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوە بەرهەڵستکارەکانی دەوڵەت یاخود ڕێکخراوە سەربەخوکان دەگرێتە خۆ)[6] .

کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری دیاری میصری دکتور سعدالدین إبراهیم پێیوایە کە کۆمەڵی مەدەنی :(لەکۆمەڵێك لە و دەستە جەمعی و گروپە خۆبەخشە سەربەخۆیانە پێکدێت کە مەبەستیانە و تێدەکۆشن بۆ پڕکردنەوەی بۆشای نێوان دەوڵەت لەلایەك وخێزان لەلایەکی ترەوە، بەئامانجی پاراستنی بەرژەوەندی تاکەکانی ناو کۆمەڵگ و مامەڵەکردنێکی ئاشتیانە لەگەڵ فرەیی و جیاوازیەکان)[7]

زانای کومەلناسی عیراقی دکتۆر فالح عبدالجباریش(1946_2018)بۆچونی خۆی لەمەڕ کۆمەڵی مەدەنی بەم شێوەیە خستۆتە ڕوو :(هەموو کۆمەڵگاکان و سەندیکاکان و پارتەکان و یانە هەرەوەزیەکان دەگرێتەوە،کە نامیری و ناخێزانی ونامیراتین)[8]

کۆمەڵی مەدەنی :(ڕێکخراو گەلێکی نادەوڵەتین بە ومانایەی کە خەڵك بەخواستی خۆیان دروستیان کردوون و سەربەخۆ لەدەوڵەتان بەڕێوەی دەبەن و ناحکومین بەومانایەی کە مەبەستی سوود گەیاندنیان بۆ کەسێك یان گروپێك لە خەڵکیان نیە ).[9]

دکتور کەریم ئەبو حلاوەش کەبیرمەدنێکی سوریە وخاوەنی چەندین توێژینەوەیە لەوبوارەدا,سەرنجی خۆی بەم شێویە لەسەر کۆمەڵی مەدنی دەربڕیوە و دەڵێت،(تێکەڵێەکە لەو دژە بەرژەوەندیانەی کە پێویستیان بەجۆرێك لە ڕێکخستن و یاساو ڕێسا هەیە،بەجۆرێك شێوەیەکی عەقلانی دەگرێتە بەر ،ڕکابەری ئازاد و کەمترین ئاستی پاراستنی یەکسانی بۆ ڕکابەرەکان بەدەست دەهێنێ)[10]

---

([6])خەلیل ئیسماعیل محمد، کۆمەڵی مەدەنی و ئایندەی گروپە ئیتنیەکان لەعێراقدا،سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی،گۆڤار،ژمارە 1 ،ساڵی 2004،لا 9.

([7])عبدالوهاب حميد رشيد، التحول الديموقراطى والمجتمع المدني،الطبعة الاولى ،دار المدى للثقافة والنشر ،سورية،2003،ص90

([8]) فالح عبدالجبار ،دەوڵەت ،کۆمەڵگای مەدەنی و وەچەرخانی دیموکراسی لەعێراقدا،وەرگێرانی :ئاوات ئەحمەد ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی داناز ،سلێمانی ،2001،لا4.

([9])مەریەم پورنەزەر ،کۆمەڵی مەدەنی چی یە،وەرگێرانی :یاسین عومەر ،چاپی یەکەم،چاپخانەی داناز،سلێمانی ،2003،لا 15.

([10])کەریم ئەبو حەلاوە، گیرو گازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی ،وەرگێرانی :ئیسماعیل کوردەو ئەوانی تر،چاپی دووەم،لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبی نما،هەولێر،2004،لا

بەسەرنجدان لەم پێناسانە دەگەینە ئەو ڕاستیەی كە كۆمەڵی مەدەنی بەسەرجەمی ئەو ڕێكخراو سەندیكا پیشەیی و دامەزراوە كومەلایەتی و سیاسیانە دەگوترێت كە پانتایی و بۆشایی نێوان بواری گشتی (واتا دەوڵەت) و بواری تایبەت (واتا خێزان) پڕدەكەنەوە،وەك فالح عبدالجبار ئاماژەی پێ كردوە ئەم ڕێكخراوانە (نامیری )ن واتا لەدەرەوەی خواست وویستی دەوڵەتدان ونێوانی خۆیان ودام دەزگاكانی دەوڵەتیان پاراستوە، هەروەها (نامیراتی) شن بەمانای خواست و ویستێكی ئازادانە لە پشت كارەكانەوەن وفۆڕمە تەقلیدو كلاسیكەكانیان پێپەڕاندوە.

كۆمەڵەمەدەنیەكان زۆرجار وەك گروپەكانی فشار خویان نمایش دەكەن و كارەكانیان چڕدەكەنەوە لە كورت كردنەوەی دەستی دەسەلات لەكایە جۆربەجۆرەكانی ژیاندا ، بەمەبەستی ڕەخساندنی كەشێكی ئازاد كە تاكەكانی كۆمەڵگا بە چالاكیە جۆربەجۆرەكانی هەڵبستێت و لەژێر سێبەری ئازادیدا پەرە بەبەهرەوە وتواناكانیان بدەن ،هەندێك جاریش بەناجاری لەبەرامبەر قۆرخ كاری كۆمپانیا ئابوریەكان و خاوەن كارەكاندا،داوای دەستتیوەردانی دەوڵەت دەكەن بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی و دەستەبەری مافەكان بۆ هاولاتیان.كۆمەڵی مەدەنی سەرجەمی دەزگا سیاسی و ئابووری و كۆمەلایەتی و ڕووناكبیریانە دەگریتەوە كە لەبواری جیاوازی خۆیاندا كاردەكەن و سەربەخۆیی ڕێژەییان لە دەسەلاتی دەوڵەت و قازانجی كۆمپانیاكان وكەرتی تایبەتی هەیە.[11]

تەوەری دووەم: مێژووی دەركەوتنی كۆمەڵی مەدەنی

یەكەم : یۆنان زەمینی یەكەمی كۆمەڵی مەدەنیە

چەمكی كۆمەڵی مەدەنی گەرچی لەبەركارهینانی دا مێژوویەكی نوێی هەیەبۆ دوو تا سێ سەدە بەر لەئێستا دەگەڕێتەوە،بەلام وەكو باقی چەمكەكانی تری وەك هاولاتی بوون ،دیموكراسی ...هتد، مێژوویێكی دوورو درێژی هەیە،سەرزەمینی یەكەمی دەركەوتنی ئەم چەمكە بە تێكەیشتنە كۆن و كلاسیكەكەی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانیەكان ،یان ڕاستر بۆ دەوڵەتە شارەكانی یۆنان و تایبەتتر،دەوڵەتە شاری( ئەسینا )[12]

لەو دەوڵەتە شارانەدا كە بەلانكی لەدایك بوونی فەلسەفەش دادەنرێت، فەیلەسوفانی یۆنانی تۆێژینەوەو تێڕامانەكانیان لەدەوری بابەت گەلێكی وەك (خۆشەویستی،هاوڕێیەتی، فێركردن،هاوسەرگیری ،ئەركەكانی كۆیلە،بەرپرسیاریەتی فەرمانڕەواو گەورەكان،بەهرەو توانای پیشەیی و دابەشكردنی كارو هاولاتی بوون).دەسوڕانەوە ،تێوری فەلسەفی و سیاسیان

[11] فرید باسیل ئەلشانی،كۆمەڵگای مەدەنی ،وەرگێڕانی :رووف بێگەرد ، سەردەم،گۆڤار،ژمارە 33،حوزەیرانی 2004،لا102

[12] ئارام جەمال سابیر،كۆمەڵگای مەدەنی (دەسەلاتێكی بەردەم دەسەلات )،رۆشنگەری ،گۆڤار 22،سلیمانی،2007،لا80.

لەسەر بنەمای لێكۆڵینەوە لەو چەمكانەو پەیوەندی و كاریگەرییان لەسەر یەكتری و گفت گۆ لەسەر (تایبەت و گشتی) (بەشەكی و هەمەكی) دارشت.[13]

دارشتنێك نزیك لە بەكارهێنانی چەمكی كۆمەڵی مەدەنی ،بەبێ ئەوەی ئەم چەمكە بەكاربهێنرێت،بەڵكو لەجێگای ئەو چەمكە دەستەواژەی (كۆمەڵگای سیاسی) یان بەكارهێناوە ،ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كە یۆنانیەكان پێیان وابوە بەبێ بوونی (دەوڵەتە شار) و بەبێ بوونی سیستەمێكی سیاسی ( شارستانیەت) بینا ناكرێت و گەشەی شارستانی و كۆمەلایەتی روونادات.[14]

لەم تێروانینەوە دەیانروانیە ئەرك و مافی هاولاتیان و بە پێویست بەڵكو وەك ئەركێكی پیرۆز سەیری ئینتمایی هاولاتیانیان دەكرد بۆ دەوڵەتە شارەكانیان . مرۆڤێك كە گۆشەگیرە و دوورە پەرێزە لە كاری سیاسی و لەدەرەوەی دەوڵەتە شاردا دەژی وەك مرۆڤێكی بێ مۆراڵ سەیر دەكرا و وەك مرۆڤێكی (لامنتمی) هەژمار دەكرا[15]

ئەرستۆ كە بۆچوونی وابوو (مرۆڤ بونەوەرێكی سیاسیە)واتا ( دەوڵەتە شاری)یەكەسێك لە (دەوڵەتە شار) دا نەژی ،بوونەوەرێكە یان لە مرۆڤ نزمترە یان بەرزترە،هەر لە پیاوە دەچێت ,هۆمیروس شاعیری نابینای یۆنانی لەسەركونەیدا ووتویەتی (بێكەس لێقەوماو بێسەر وبەرە)[16] پیركلیسیش كەحوكمرانی ئەسینا(462_427)ب.ز بووە زیاد لەوە دەروات ودەڵێت (ئێمە وەك كەسێكی تەمبەڵ ناروانینە ئەو پیاوەی بەشداری لە كاروباری دەوڵەتدا ناكات،بەڵكو وەك مرۆڤێكی بێ بەها سەیری دەكەین)[17]بەم شێوەیە تا سەردەمانێكی دواتر ئەم دوو چەمكە واتا (كۆمەڵگای مەدەنی و كۆمەڵگای سیاسی) یان لەیەكتر جیانەكردۆتەوەو ،هەر كاتێك باسی (كۆمەڵگای سیاسی) یان كردبێت مەبەستیان كۆمەڵگای مەدەنیش بوە بەلام دوای دەركەوتنی ئاینی مەسیحی و رمان و روخانی بەشی رۆژئاوای ئیمپراتۆریەتی رۆمانی لە 476ز دا،ئیدی سەردەمێكی تر و بارودۆخێكی دیكە خۆی دەسە پێنێ بەسەر ئەوروپادا،ئەوروپای سەدەكانی ناوەراست ، ئەوروپای هەزار ساڵ تاریكی، ئەو شوێنە بوە كە بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ لە نێوان نەزانی و چەوسانەوەدا دەست و پلی نەرم كردو بەدەم راڤەی سادەو ساویلكەوە پەنچەركانی بەسەر عەقڵێدا داخستبوو. ئەو ئیماندارانەی وایان دەزانی حەقیقەت لە گیرفانی ئەوان دایەو هیچ زانست و زانینێك نەماوە تا مرۆڤ بەدوایدا بگەرێت ، بە قوری نەفامی و بیرتەسكیەوە دیواری بەرزیان لە پێش چاوی مرۆڤەكاندا هەڵدەچنی و هەموو جیهان لە ئاسمانێكی خۆڵەمێشی و چەند بستێكی بەردەمیان تێپەری نەدەكرد.ئیتر دەنگی مشتو مری نێوان

---

([13])جون إرببرغ،المجتمع المدنی(من الیونان حتی القرن العشرین)،ترجمە:حسین ناڤم وعلی حاكم صالح ، الستراتیجیە ،بغداد 2007،ص21.

([14])الجون ابیبرغ ،المصدر السابق،ص21-22.

([15])بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی كەم وكورتیەكانی ئەم جۆرە بیركردنەوە یە وئەو تیۆرە سیاسی یە: بروانە/مضطفی النشار،الحریة والدیموقراطیة والمواطنة (قرأة فی فلسفة ارسطو السیاسیة)،الطبعة الاولی ،الدار المصریة السعودیةللطباعة والنشر والتوزیع ،القاهرة ،2009،ص 14-20.

([16])زاهیر محمد و یاسین حاجی زادە، سەرچاوەی پێشوو،ل 528-529.

([17])وەرگیراوە لە : یوسف گۆران ،سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لە چەمكی هاولاتیبوون ،لە بلاوكراوەكانی مەكتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك) ،سلێمانی ،2002،لا 11.

دەسەلاتداران و ژێردەستەکانی یۆنان نەدەبیسترا و ئیدی دەنگیان و هاولاتی بوون و ئەنجومەنەکانیان و بێگانەو کۆیلەکان مانایان نەمابوو. بەدرێژای ئەم سەردە مە هەموو لە کۆیلایەتیەکی ڕەهادا ژیانیان بەسەر دەبرد.[18] کەلتورو شارستانیەتی دێرین بەشێوەیەکی گشتی( کلتور و شارستانیتیەکی شاری) بوو، لە یۆنان و ڕۆماندا چەندین جۆر بونیاد و دەزگای سیاسی و کۆمەلایەتی بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی ژیانی خەلك پێکهاتبوون ،بونمونە (ئەسینا)خاوەنی سێ بونیادی زۆر گرنگ بوو:(کۆڕی گەل ،ئەنجومەنی ڕاوێشکاری و دیوانی بالا) ئەو سێ دەزگایە بە ڕێگایەکی دیموکراتیك دەسەلاتیان دەگرتە دەست و دیموکراسیش واتا بەشێوە نمونەیەکەی خۆی واتا دیموکراسی ڕاستەو خۆ. هەرئەوکاتە یەکێك لە ئەرکەکانی ئەنجومەن کۆنترۆڵ کردنی دەسەلاتدارەکان بوو،بەلام کەلتوری ئەوروپا لەسەدەکانی ناوەراست (کلتورێکی دێهاتی) بوو،کەلە کەنیسە و زەویوزاردا کورت کرابۆوە،دەسەلاتی کەنیسە کارای هەموو جۆرە بونیادێکی سیاسی و کۆمەلایەتی سڕیبۆوە[19]

بەلام لەکۆتایی سەدەکانی ناوەراست جۆرە بیرێکی سیاسی سەریهەلدا کە خۆی لە (تیۆری سپاردنی یەزدانی ) دا دەبینیەوە، پەرەسەندنی ئەم تیۆرە بە هەنگاوێکی ئیجابی لە قەلەم دەدرێت لەبیری سیاسیدا ،چونکە پێشتر بە پێی تیۆری ( یەزدانی پاشاکان). پاساو بۆ هەموو جۆرە دەسەلاتێکی پاشا دەهێنرایەوە حوکمی پاشا بەحوکمی خودا و حوکمێکی پیرۆز لەقەلەم دەدرا. لە پێناو مل پێکەچ کردنی هاولاتیاندا خۆیان بەجێنشینی خودا دەزانی و پێیان وابوو تەنها لەبەرامبەر خودادا بەرپرسیاران ،لەحالەتی ئاوهاشادا هاولاتی بەهیچ شێوەیەك مافی چاودێری کردن و لێپرسینەوەی بەرامبەر بەدەسەلاتدارانی نەبوو. بەلام تیۆرە نوێیەکە دانی بەوەدانا کە دەسەلاتی حاکم لە ئیرادەی خەلك وەرگیراوە[20]. ئەمەش نیشاندەری ئەم ڕاستیە بوو کە وورده وورده تارمایی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئاسمانی وولاتانی ئەوروپی بەرەو کزی و ئاوابوون دەچوو, سەردەمێکی نوێ لە بیری سیاسی خۆرئاوادا سەریهەلدا،کە بەسەردەمی (ڕێکەوتن نامەی ئاشتی لەگەلْ ئەوانیتر)دا یان (العقد الاجتماعی – پەیمانی کۆمەلایەتی) ناسراوە.

## دووەم: پەیمانی کۆمەلایەتی یان ڕێکەوتن نامەی ئاشتی لەگەلْ ئەوانی تردا

بیری پەیمانی کۆمەلایەتی وەك بناغەی سستەمی سیاسی دەگرێتەوە بۆ بیرمەندان و فەیلەسوفانی وەك تۆماس هۆبزی ئینکلیزی(1588-1679) جۆن لۆکی ئینکلیزی (1632-1704) ،جان جاك ڕۆسۆی فەرەنسی(1712-1778)و چەند فەیلەسوفێکی تر کە ڕاستەو خۆو ناڕاستەوخۆ بەشدار بوون لە ڕەخساندنی دۆخێکی سیاسی کە تیایدا فەزایەکی جیاواتر لە

(18) مۆنتیسکۆ ،ڕۆحی یاساکان،وەرگێڕانی،ئیدریس شێخ شەرەفی ،چاپی یەکەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر،لا9.
(19) مۆنتیسکۆ،سەرچاوەی پێشوو،لا10.
(20) هەمان سەرچاوە،لا 10-11.

سەدەكانی ناوەڕاست بێننە كايەوە ،لە جێگای (مافی خواوەند) و سستەمی (پاشایەتی ڕەها) ،مافی مرۆیی و قسەكردن لەسەر بەشداریكردنێكی چالاك تری هاولاَتیان لە بڕیاری سیاسی خۆی نمایش كرد.[21]

لە تیۆری (پەیمانی كۆمەلاَیەتیدا) بەشێوەیەكی گشتی سەرەتا (دۆخی سروشتی )واتا دۆخی پێش دروست بوونی دەولَەت لەبەرچاو دەگیرێت ،ئیدی ڕەت بوون لە دۆخی (سروشتیەوە )بۆ (دۆخی مەدەنی) لەڕێگای پەیمان و پێكهاتنی گشتیەوە ڕاڤە دەكرێت . لەم تیۆرەدا پەیمان بناغەی خۆبەستنەوە وپەیڕو كردنی دەسەلاَتی سیاسیە،چونكە تاك بەپێی ئەو شتەی كەلە پەیماندا مۆری كردوە ،دەبێت بجولێتەوە.هەروەها ئەگەر پەیمانی ناوبراو بشكێت ،مافی شۆڕش و سەرهەلَدان بەدژی حكومەت شتێكی چاوەڕوان كراوە .گەرچی پەیمانی كۆمەلاَیەتی بە دیموكراسیەوە دەبەسترێتەوە ،بەلاَم دەتوانین ئەوەش هزر بكەین كە خەلَك لەڕێگای پەیمانێكی كۆمەلاَیەتی سەرەتایەوە حكومەتێكی نادیموكراتیك پێكدەهێنێت[22]

### (1) تۆماس هۆبز (Tomas Hobbes)[23]

توماس هۆبز بەیەكێك لەڕێبەران و پێشەنگانی (تیۆری پەیمانی كۆمەلاَیەتی) دێتە هەژماردن. گرنگترین كتێبی بەناوی (لڤیاتان)پەیوەندی بەچۆنیەتی شكلَ گرتنی كۆمەلَگای مەدەنیەوە هەیەلەسەر بنەمای هەلَسوكەوتی ئاوازیانەی تاكی مرۆیی .هۆبز لە كتێبەكەیدا سەرەتا لە هەلومەرجی پێویست بۆ ئارامی و ئاسایش دەكۆلَێتەوە و پاشان بەگرێبەستی كۆمەلاَیەتی و دروست كردنی دەولَەتی ئایدیالَ(میسالی) بۆ ئەو هەلو مەرجە خەریك دەبێت . واتای سەرەكی تیۆری هوبز مافی سروشتیە لە جیاتی یاسای سروشتی، لە بنەڕەتدا مافی سروستی لە ڕوانگی هۆبزوە بریتیە لە مافی پاراستنی گیان(روح). كۆمەلَگای سیاسی بۆ دروست بوونی دەسەلاَتێك پێك دێت كە تیایدا مافی پاراستنی گیان و یاسای سروشتی پارێزراو بێت. هۆبز پێیوایە بناغەی دامەزراندنی كۆمەلَگای سیاسی دروست كردنی هەلو مەرجێكە كە تیایدا یاسای سروشتی لەلایەن هەموانەوە پەیڕەو بكرێت مافی سەرەتایی و سروشتی پاراستی گیان پارێزراو بێت.ئەم هەلومەرجەش تەنها بەدروست بوونی كۆمەلَگای مەدەنی و دەولَەت دێتە دی. لە هەلو مەرجێكدا كە كۆمەلَگای مەدەنی نەبێت ( ڕەوشتی سروشتی) زالَ دەبێت كە تیایدا تاكەكان بەشێوەیەكی هەمیشەی گومانی خراپیان بەرامبەر یەكتر هەیە وكەس لە گیان و مالَ و سامانی خۆی دلَنیا نیە,لە دۆخێكی ئاوادا هەموو كەسێك بۆ بەرزكردنەوەی ڕادەی ئاسایشی خۆی هەولَ دەدات دەسەلاَتی خۆی زیاتر بكات چونكە دەسەلاَت شتێكی ڕێژەیەو لە پەیوەندی لەگەلَ كەسانی كەدا هەلَدەسەنگرێت و لە حالَەتێكی وادا ململانێیەكی بێ كۆتایی دروست دەبێت[24]. لەڕوانگەی

---

[21] فيصل شنطاوى، محاضرات في الديمقراطية،الطبعة الاولى ،دار الحامد للنشر والتوزيع ،عمان ،الاردن،بدون سنة الطبع ،ص10.

[22] حوسین بەشیری ،دیموكراسی بۆ هەمووان،وەرگێڕانی :حوسین محمد زادە،چاپی یەكەم ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،دەزگای چاپ و بلاَوكردنەوەی موكریانی،هەولێر ،2005،لا17.

[23] تۆماس هۆبز ، بەیەكیك لەفیلەسوفە كە ورەكانی بەریتانیا دادەنریت لە نیوان (1588_1679)ژیاوە,شارەزایە كی باشی لە ژمێریاری و مێژووی یونان و رۆمادا هە بوو,بە یە كێك لە بیرمەندانی (پەیمانی كۆمەلاَیەتی)هەژماردە كرێت.بۆ زانیاری زیاتربروانە:فایزصالح ابو جابر,المصدر السابق,ص69_70.

[24] كەمال پۆلادی,سەرچاوەی پێشوو,ل 42_43.

هۆبزەوە مادامەکی خەڵك هێزیان کەم تاکورتیَ وەکو یەکە ،هیچ بناغەیەکی سروشتی بۆ نەزمی سیاسی بەدی ناکرێت.بۆیە سیستەم ئەبێ بەشێوەی دەستکردو لەسەر بناغەی پەیمان دابمەزرێت. لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا هەمووان هاودەنگ دەبن کە لەمافی ژیان بە پشت بەستن بەتوانای کەسایەتی خۆیان یان لەمافی پاراستنی زاتی خۆیان، بەهۆی هێزی خۆوە چاوپۆشی بکەن و ئەو مافە بەکەسی سێیەم کە حوکمڕان بێت بسپێرن .ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتیەش کۆتای بە جەنگی هەموان دژی هەموان دێنێ.[25]

## (2) جۆن لۆك (1632-1704)[26]

دوابەدوای هۆبز چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆیشتە قۆناغێکی ترەوەو گۆڕانی بەسەردا هات . لەسەر دەستی فەیلەسوفی ئینگلیزی (جۆن لۆك) لە کتێبەکەیدا بەناوی (دوو پەیام لەبارەی حکومەتی مەدەنیەوە) ،بنەمای لێکدانەوەی تایبەت و نوێ لەبارەی چەمك و مافی سروشتی هاتۆتە ئاراوە"لۆك پێیوایە کە هەرمرۆڤێك کە دێتە دنیاوە بە شێوەیەکی سروشتی خاوەن ماف گەلێکی تایبەت بەخۆیەتی, کە یەکەمین و گرنگترینیان بریتیە لە(مافی پاراستنی ژیان) وەئەوەی بە پلەی یەکەم هەڕەشە لەو مافە دەکات بریتیە لە (برسیەتی )واتا لە دەستدانی گیان بەهۆی برسیەتیەوە،بۆیە هەموو هەوڵێکی مرۆڤ لە پێناو دەستەبەر کردنی ئامرازەکانی بژێویی دایە بۆ زاڵ بوون بەسەر برسیەتیدا، وەهیچ کەسێك بۆی نیە ببێتە ڕێگر لەبەردەم ئەم هەوڵەی مرۆڤدا.لۆك پێیوایە کە خواوەند یاخود سروشت زەوی خستۆتە ژێر دەسەڵات و ئیختیاری گشتی مرۆڤەکان تاوەکو سودی لێوەرگرن و بەختەوەری خۆیانی پێ فەراهەم بکەن، ئەو خێرو بێرە بەشێوەیەکی هاوبەش تایبەتە بەسەرجەم خەڵکەوەو هیچ کەس ناتوانێ یەکلایەنانە خۆی بەخاوەنی بزانێت .لەم دۆخەدا هیچ حکومەت و دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بوونی نیە ,مرۆڤەکان ئازادن و دوورن لە هەوژمی دەوڵەت و یاسا دانراوەکان ، ئەم دۆخە پێی دەگوترێت دۆخی سروشتی[27] بە پێچەوانەی هۆبز لۆك پێیوایە فیترەت یان حاڵەتی سروشتی ،حاڵەتێکی تەندروستە یان نیمچە تەندروستە ، بەشێوەیەك کە دڕندە نیە وەك ئەوەی هۆبز بۆی چوە...فیترەت حاڵەتێکی واقعیە کە دەکرێت باش بوونی بەسەردا بێت.

لۆك پێیوایە کە (موڵکداریەتی تایبەت).لە حاڵەتی سروشتیدا هەیەو بوونی لە پێش کۆمەڵگای مەدەنیەوە یە[28] دۆخی سروشتی لای لۆك جیاوازە لە دۆخی سروشتی لای هۆبز، چونکە هۆبز دۆخی سروشتی بەشەری هەموان لە دژی ئەوانی تر دادەنێ، بەڵام لۆك بە پێچەوانەوە پێیوایە ئەم دۆخەیە کە ئازادی تەواوی تێدا بوەو ،ئەمەش وای کردوە کە عەقڵ مرۆڤ بەشێوەیەك

---

([25]حوسێن بەشیری ,سە رچاوە ی پێشوو,ل18.

([26]جۆن لۆك:فەیلەسوفی ئنگلیزی لەسەردە می شورشی 1688 ژیاوە,لە چینی بازرگانە نوێکانی بەریتانیا بووەو بەشێوە یەکی سەرسەختانە بەرگری لێیان کردووە,بە یەکێك لە بەرگریکارانی ئازادی ومافە کانی مروٌف ولیبرالیزم دادە نرێت.بۆ زانیاری زیاتربگەرێوە بۆ:فایز صالح ابو جبار,المصدرالسابق,87_91.

([27]مەروان مەزهەر جافر,کومەلکای مەدە نی لە هزری بیرمەندانی پە یمانی کۆمەڵایەتی,کوج,گۆڤار,ژمارە 13,سلێمانی,2010,ل316_317.

([28]کەریم ابو حەلاوە.,سەرچاوەی پێشوو,ل 32.

ئاراستە بكات یارمەتی دەری بێت بۆ ئەوەی ژیان و كەلوپەلەكانی بپارێزێت، بەبۆچونی لۆك دۆخی سروشتی دۆخێكی (ناكۆمەلآیەتی) نەبوە ,بەڵكو تەنها دۆخێكی (ناسیاسی )بوە , ئەوەش وامان لێدەكات بڵێین كە دۆخێكی كۆمەلآیەتی لە ئارادا بوە ، ئەوەیە كە مرۆڤە كان لەو قۆناغەدا لەسەر بنەمای یاسایەكی سروشتی خۆرسك مامەڵەیان دەكردو یارمەتی یەكتریان دەدا.ئەم یاسایەش فەزایەكی ئازادی و یەكسانی و ڕێز گرتنی ماف و ئازادی و مۆڵك و ماڵی كەسانی تری بۆ هەموان ڕەخساندبوو. لۆك پێیوایە مادامەكی مرۆڤەكان لە كاتی لەدایك بوونیانەوە یەكسان و چوون یەكن, ئەوا دەبێت لەمافە سروشتیەكانیش وەك یەك و یەكسان بن. [29] ئەگەر لێكدانەوەكەی لۆك دەربارەی ڕەوشی سروشتی پەسەند بكەین ئەم پرسیارە دیتە ئاراوە كە بۆچی مرۆڤ دەبێت بیەوێت لە ( دۆخی سروشتی ) دەربچێت و بەرەو (دۆخی مەدەنی ) و دروست كردنی (دامەزراوەی سیاسی ) دەوڵەت هەنگاو بنێت؟.وەلآمی لۆك ئەوەیە ئەگەرچی ڕەوشی سروشتی , ڕەوشی جەنگ نیە بەلآم هەندێك كەم و كورتی هەیە كە ئاشتی و ئارامی تیایدا گرەنتی ناكرێت . هەندێ مرۆڤی وا هەن كە دەیانەوێ بە پێچەوانەی دۆخی ئاسای بجوڵێنەوەو ئاشتی و ئارامی تێك بدەن, بەم جۆرە ڕەوتی سروشتی بەتەواوی لەمەترسی بەدوور نیە . ڕەوشی سروشتی بە پێی بۆچونی لۆك سێ كەم و كورتی سەرەكی تێدایە : 1. نەبوونی یاسایەكی نوسراوی دیاری كراو.

2. نەبوونی دادوەرێكی بێلایەن كە لەلایەن هەموانەوە پەسەند كرابێت.

3. هێزو دەسەلآتێك كە بڕیارەكان جێ بەجێ بكات. [30]

واتا نەبوونی دەسەلآتێكی بەتوانا لەپاراستنی مافەكاندا، هەڕەشەی لە مافەكان كردوە (ژیان و ئازادی و موڵكداری)وە دەسەلآتیش لە پەیمانی كۆمەلآیەتیدا ئەركی پاستنی مافەكانی لەئەستۆگرتوە بەرامبەر مل كەچ كردن بۆ دەسەلآت و بۆ لایەنی دەسەلآتدار لە چوارچێوەی ڕێكەوتنێكی بەڕێز كە پێشێل كردنی ئەم ڕێكەوتنە , شایانی شۆڕش بێت بەرامبەر دەسەلآتدار. كەواتە گواستنەوە لە (دۆخی سروشتی )و هەنگاو نان بەرەو دروست كردنی سیستەمی سیاسی و( كۆمەڵگای مەدەنی ) ، مەبەست لێی ئەوە بوە دەوڵەت ئامێرێكی دروستكراو بێت بۆ ڕێكخستنی هەڵسوكەوتی تاكەكان و پاراستنی مافەكانیان بەگشتی [31]

(تۆماس هۆبز) و (جۆن لۆك) لەوێوە دەستیان پێكرد كە تاكەكەس بنەمای پەیمانی كۆمەلآیەتیە بەلآم هەردوكیان بە دوو دەرئەنجامی جیاواز گەیشتن ,یەكەمیان بەدەسەلآتی ڕەهاو ئەویتریشیان بە دەسەلآتی پەرلەمانی . ئەم جیاوازیەشیان تەنها بەجیاوازی بیرو باوەڕ تەفسیر ناكرێت، بەڵكو لەڕێی ئەو ژینگە كۆمەلآیەتیەوە لێك دەدرێتەوە كە هەردوكیانی تیادا ژیاون .

---

(29) موسا ئیبراهیم ،فیكری سیاسی خۆرئاوا(لە مەكیافیلیە وە تا ماركس),وە رگێرانی :شوان ئەحمەد,چاپی دووەم,دە زگای چاپ وپەخشی سەردەم,سلیمانی,2007,ل149_150.

(30) كەمال پۆلادی,سەرچاوەی پێشوو, ل 61.

(31) سەعید محمەد بەرزنجی، بنەما تیوریەكانی كۆمە لگای مەدەنی ورە هەندە روشنبیریە كانی,گەلاوێژ,گوڤار,ژمارە 2_3,سلیمانی,2006,ل 4و5.

لەسەردەمی هۆبزدا چینی ناوەند پێویستی بەوە بوو بچێتە ژێر ڕکێفی دەسەلآت بەلآم لەسەردەمی لۆك داو بەتایبەتی پاش شۆڕشی 1688 ئەم چینە پێیوابوو بەڕادەیەك بەهێز بووە دەتوانێ داوای دەسەلآت بكات.[32]

## (3) جان جاك ڕۆسۆ (1712-1778)[33]

ڕۆسۆ بەهەمان شێوەی هۆبزو لۆك باسی لە چۆنیەتی گواستنەوەی مرۆڤ لە دۆخی سروشتیەوە بۆ دۆخی کۆمەلآیەتی کردوە. ئەو پێیوابووە مرۆڤ بەرلەوەی کە بچێتە نێو کۆمەڵگایەکی ڕێکخراو لە حاڵەتێکی سروشتیدا ژیاوە,لەم دۆخەداهەموو مرۆڤەکان یەکسان بوون و هەرکەسەو پێداوستی خۆی تێر کردووەو و هەموانیش بەو ژیانە ڕازی بوون .مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا لە ژێر کۆمەڵێك هەست و سۆزی خۆرسك و بەرژەوەندی تایبەتیدا هەڵسوکەوتی کردووە , کە بەختەوەری و کامەرانی بۆ دەستەبەرکردوون, لەم قۆناغەدا مرۆڤ لەناو چەنگەڵەکان و لەناو ئاژەڵدا دەژیا،بە غەریزە دەرکی بەهەموو ئەوشتانە کردووە کە بۆ ژیانی پێویست بوون , ئەوەی تەنها ترسی لێی هەبووە( ئازارو برسیەتی ) بوولە ژیانیشیدا تەنها خەیاڵی لە لای خواردن و نوستن و جوت بوون بوو،تەنها خولیای ئەوە بووە بێ وەی بێت و دەروونی ئارام و جستەشی تەندروست بێت[34] ,ڕۆسۆ لەکتێبی (ووتارێك دەربارەی ڕیشەی نابەرامبەریەوە) بەڵگەی ئەوەی خستۆتە ڕوو کە سروشتی مرۆڤ لە دوو غەریزەی سەرەکی دروست کراوە،یەکەم غەریزەی خۆ پاراستن و خۆ خوازی (خۆپەرستی ) و دووەمیان (مرۆڤ دۆستیە ).سروشتی مرۆڤ بەشوێن ئەو دوو غەریزە دژ بەیەکەدا ووێڵەو تەنها ویژدان دەتوانێ ئەم دووانە ئاشت بکاتەوە ، مرۆڤی سروشتی کەسێکە ویژدانی ئەو لەنێوان دوو غەریزەی سەرەکی دا هاوسەنگی پێك هێنابێ. عەقڵ و فەرهەنگ و کۆمەڵگا یارمەتی ویژدان دەدەن و هاوسەنگی ڕووحی مرۆڤ قورس دەکەن.[35] لای ڕۆسۆ مرۆڤ بەڕادەی نزیك بوونی لە دۆخی سروشتیەوە چاکە خوازتر دەبێ و بەڕادەی کاریگەری خواستەکان و پێداویستیەکانی کۆمەڵگا لە خراپەکاری نزیك دەبێتەوە یاخود دەکەوێتە ناو خراپەکاری تەواوەتیەوە. یەکەمین شتێك کە هانی خراپەکاری بدا و بانگەشەی بۆبکات خۆشەویستی خاوەنداریەتیە. مرۆڤی سەرەتایی کە لەدۆخی سروشتیدا ژیانی بەسەر دەبرد پێش ئەوەی چێژی خاوەنداریەتی بکات لە خراپەکاری بەدوور بوو. لەو ڕۆژەوەی کە مرۆڤ توانی ( پەرژینی زەوەیەك بکات و بڵێ ئەوە هی

---

(32) موسا ئیبراهیم,سەرجاوەی بیشوو,ل 164.

(33) جان جاك رۆسۆ:یە کیکە لە فەیلەسوفە گەورەکانی سەدەی هە ژدە هەمی فەرەنسا,لە جنێف لە سویسرا لە دایك بووە.دوای مردنی دایکی کۆچی دوایی کردووە,باوکی بە خێوی کردووە کە بە سە عات سازیەوە خەریك بووە,رۆسۆ خویندن وفیرکردنێکی رە سمی نە بووە,خا وەنی چەندین بە رهەمی بە ناوبانگی هە بووە,بە یەکیك لە بیرمەندانی پە یمانی کۆمەلآیەتی دادەنرێت.بۆ زانیاری زیاتر بروانە:کەمال پولادی, سەرچاوەی پێشوو,ل 115و116،جان سالوین شابیرو,لیبرالیزم (جەمك و مێژوو),وەرگێرانی :عوسمان حسن شاکر,لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك),سلیمانی, 2005,ل 171.

(34) موسا ئیبراهیم,سەرچاوەی پێشوو,ل 196_197.

(35) حوسین بەشیری ,سەرچاوەی پێشوو,ل 50.

منه, ئینجا كەسانێكی سادەو ساویلكەی وەهای دۆزیەوە باوەڕیان پێكرد, ئەو مرۆڤە بەكردەوە دامەزرێنەی كۆمەڵگای شارستانیە )[36]

هەرچەندە ڕۆسۆ پێیوابوو (دۆخی سروشتی )بەختەوری بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەكا, بەلاّم وەك دۆخێكی نمونەی لێی ناڕوانێت . بەڵكو پێیوایە كۆمەڵگای سیاسی ڕێكخراو دەتوانێت بەختەوەرترین ژیان بۆ مرۆڤ مسۆگەر بكات و مرۆڤ و هێزە مەعنەویەكانی بەرەو ئاستێكی بالاّ بەرێت. هەر لەچوارچێوەی ئەو كۆمەڵگایە داد پەروەری و ئاكار جێگای حەزو ئارەزوەكان دەگرنەوە،[37] رۆسۆ پێیوایە بەهۆی ( پە یمانی كۆمەلاّیەتیەوە) هاولاّتیان چاكەی گشتی دەكەن بەشتێكی لەبەرچاو گیراو .ئەمەش بەوە دەبێت كە هەركەسێك دەستبەرداری هەندێك لەمافەكانی تاك ببێت لە پیناوی كامەرانی كۆمەڵ و مافی ژیانی پێكەوەیی خۆش . لەم دیدگایەوە دەوڵەت بریتیە لە (مەیدانی پێناسەكردنی سروشتی چاكەی گشتی), ئازادی مەدەنی ئەو كاتە سەرهەڵدەدات كە هەموو خەڵك ئامادەن كە ئیرادەی گشتی جلەویان بكات , خەڵكانی گشتیش ئەوانەن كە یاساكان دادەنێن ، بۆیە ئەوانەی ئەو یاسایانە دادەنێن سەرئە نجامەكانیان دەگاتە دروست بوونی تاكی میانڕەو سامانیش بەشێوەیەكی یەكسان پەرەدەسێنێت و متمانەو دڵنیای بلاّو دەبێتەوە[38] . بەلاّم پە یمانی كۆمەلاّیەتی لای ڕۆسۆ تەنها هێز و توانای خۆی لە تاكە كەسەكانەوە وەرناگرێت. بەڵكو هاوكات لە سەلامەتی ئەو ڕێگایانەی دەیگرێتە بەرو ئەو ئامانجەش هەوڵی بەدیهێنانی دەدات, سەرچاوە دەگرێت .لەبەر ئەوە پە یمانی كۆمەلاّیەتی تەنها بۆ ئەوە هاتۆتە ئارا كە ژیانێكی ئاسوودە ترو باشتر لە دۆخی سروشتی كە ئازادی و یەكسانی تیایدا بەر قەرارە،بۆ ئەندامەكانی مسۆگەر بكات،بۆیە پێویستە پە یمانی كۆمەلاّیەتی گرەنتی ئازادیەكانی بكات[39] . گەورە فەیلەسوفی ئێرانی مستەفا مەلەكیان ( 1955_ )یارمەتیمان دەدات بۆ بەئە نجام گەیاندنی ئەو گواستنەوەیە واتا (گواستنەوە لەدۆخی سروشتی بۆ دۆخی مەدەنی)ئەویش بەقسەكردن لەسەرچەمكی ئازادی .مەلەكیان ئازادی بەدوومانا بەكاردەهێنێ ،یەكەمیان ئازادی ئارەزوو خوازانە و دووەمیان ئازادی كردەیی،یان دەتوانرێت بگوترێت یەكەمیان لە (دۆخی سروشتی) دا بەدەست دێت و دووەمیان لەدۆخی مرۆیی و كۆمەلایەتی( واتا مەدەنی)دا مەیسەر دەبێت. واتای یەكەمیان ئەوەیە كاتێك مرۆڤ دێتە دونیاوە تا ئەوكاتەی دەمرێت تەنها لەژێر كاریگەری حاكمیەتی یاساكانی جیهانی سروشتدا دەبێت.لەم جۆرە ژیانە دا ڕووە كەكانیش هاوبەشن تیایدا،بەلاّم كاتێك دەچینە ناو ژیانی گیانلەبەران دەبینین ئەمانە بەم جۆرە نین، دەشێت گیاندار بیەوێت ئالیك بخوات بەلاّم خاوەنەكەی ڕێگای پێ نەدات ،یان گیاندارێكی دیكە ڕێگای لێ بگرێت،كەواتە ناتوانیین بڵێین گیانداران تادەگاتە مرۆڤەكان بەو واتایە ئازادن, چونكە یاسا سروشتیەكان حكومیان دەكەن.ئازادی ،واتایەكی سمبولیە واتە لە كردەوە دا لێی ناكۆڵرێتەوە و نایەتەدی،وەك ئاماژەی پێدراوە تەنانەت لە ژیانی

---

( [36])بورهان غلیون و ئەوانیتر,سە رچاوەی پێشوو,ل 30.

( [37])موسا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو,ل 201.

( [38])رۆری ئۆبرین, مێژووی فەلسەفیانەی بیرۆكەی كومە لگای مەدە نی,وەرگێرانی :ئاوات ئەحمەد,سەردەم,گۆڤار,ژمارە 33,سلیمانی ,2004,ل 165_164.

( [39])موسا ئیبراهیم،سەرچاوەی پێشوو,ل 201.

گیاندارانیش سمبولیە .بۆیە چارە یە کمان نیە ئە وە ندە نەبێت لەئازادی سروشتیەوە ،بگوازرینەوە بۆ واتای دووەمی ئازادی ،مەلەکیان لەبارەی جۆری دووەمی ئازادیەوە ( واتا ئازادی کردەیی )دابەش کردنی بەهاکانە بۆ ئەو بەهایانەی ( ئاما نجی مرۆڤن )و ئەو بەهایانەی( ئامرازی مرۆڤن )،بەواتایەکی دی(بەها غائیەکان و بەها ئالیەکان ) مەلەکیان پێیوایە ئازادییەك نیە مرۆڤ لە پێناو خودی خۆیدا بیەوێت بەڵکو ئازادی بەهایەکە مرۆڤ بۆ گەیشتن بەبەهاکانی دیکە دەیەوێت. لەم حاڵەدا گەرچی ناگونجێت مرۆڤ بەهیچ جۆرە بەهایەکی ئاما نجدار بگات مەگەر ئازادی ببێتە مەرجی هەمیشەیی ئەگەر چی مەرجی تەواویش نیە ،واتا هەرچەندە ئازادی بەهایەکی ( ئالیە )نەك ( غائی )،بەڵام لەهەمان کاتدا گەیشتن بە هە ر بە ها یە کی ئاما نجدار بەبێ بوونی ئازادی بونی نیە ،بۆیە لەنێو بەها ئاما نجدارەکاندا بەبەهاترین بەها ئازادیە بەڵام ئەو ئازادیە ئازادی سروشتی نیە بەڵکو ئازادی کۆمەڵایەتی و کردەییە[40] .دیارە چوارچێوەی ئەم ئازادیە لە ئازادی سمبولی بەرتەسکترە،واتا وازهێنان لە ئازادی سروشتی بۆ ئازادی کۆمەڵایەتی.

لای فەیلەسوفی ئێرانی عبدالکریم سروش( 1945_ ) ( مرڤەکان لەبەر هۆکاری جۆراو جۆر لەسەردەمی رووتی و وەحشیەت چوونە دەرێ و هاتنە نێو دونیای پۆشتەیی وژیاریەوە ( مەدەنیەوە ).ئەخلاق ،ئایین ،رۆشەنبیری و زانست و یاسا هەموویان بۆ بە ژیاری بوونی مرۆڤ ،واتا بۆ کۆنترۆڵ کردنی غەریزە حەق شکێن و دژە رێساکانی یارمەتیان داوە،ئەم کۆنترۆڵ کردنی غەریزانە و سەرنەوی کردنیان بۆ یاسا و رێساکان بووە هۆی بە ژیاری ( بەمەدەنی ) بوونی مررۆڤ )[41].

وەك نیشا نمان دا بیرمەندان و فەیلەسوفان لەدەلاقەی جیاجیا وەو لە تیڕوانینی تایبەتیەوە قسەیان لەسەر گواستنەوەی کۆمەڵگا لە ( دۆخی سروشتی ) یەوە بۆ ( دۆخی مەدەنی ) ودروستبوونی دەوڵەت کردووە ،زۆر جاریش بە دەرئە نجامی لێك جیاش گەیشتوون وەك ئەوەی لای هۆبز ولۆك ئاماژەمان پێدا ،بەڵام هەموویان لەسەر ئەم گواستنەوەیە کۆکن و بە هەنگاوێکی گرنگی مێژووی مرۆڤایەتی لەقەڵەمی دەدەن.

لێرەدا دەکرێت پرسیاری ئەوە بکرێت ئایە تیڕوانینی ئەو فەیلەسوفانە و چەندان فەیلەسوفی تریش کە بۆچوونی خۆیان لەم بارەیەوە دەربڕیوە بێ هەڵە و کەم و کورتین؟ ئایە کۆمەڵگای سیاسیش خاوەنی گیروگازی تایبە ت بە خۆی نیە؟ ئایە مروڤەکان بە کامەرانی و خۆش گوزەرانی گەیشتن ؟ئەمانە و چەندین پرسیاری تر جێگای هەڵوێستە لەسەر کردنن ،بەڵام ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم رەخنانە بواردووە کە لەدەوری ئەم بابەتە دەسورێنەوە بە وپێیەی ئەم توێژینەوەیە تایبەت نەکراوە بەم بوارەوە[42]

---

[40] موستەفا مەلەکیان ,سیکولاریزم وحکومەتی ئاینی,وەرگێرانی:سە عدی حەمە خان,هەژان ,گوڤار,ژمارە 13, 2004,ل 101.

[41] عبدالکریم سروش ,( ئایین ,لێبوردن,مەدە نیە ت ),وەرگێرانی:یوسف محمد صادق,هەژان,گوڤار,ژمارە 9_10, 2002,ل 32.

[42] بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەو رە خنانەی ئاراستەی کومەلگای سیاسی یان کومە لگای مەدەنی کراون بگە رێوە بۆ:حسن نازم وعلی صالح, المجتمع المدنی( تاریخ نقدی ),الطبعة الاولی,بغداد,2007، فایز صالح ابو جابر, المصدر السابق.

## سێ یەم: سەرهەڵدانی چەمكی كۆمەلگەی مەدەنی لە نیشتمانی عەرەبی و هەریمی كوردستان:

### (1)لە نیشتمانی عەرەبیدا:

چەمكی كۆمەڵی مەدەنی بەو تێگە( مەفهوم)ە كلاسیكیە كۆنینەی كە لە دەوڵەتە شارەكانی یۆنان باسمان لێوەكرد,لە نیشتمانی عەرەبیدا رەگ و ریشەی دەگەرێتەوە بۆ دروستبونی شارستانیەت لە دۆڵی رافیدەین,واتە دروستبونی یەكەمین كۆمەلگەی سیاسی مرۆیی لە مێژوودا.مێژوو نوسی گەورەی عێراقی تەها باقر(1912_1984),مێژووی دروستبونی دەوڵەتە شار,لە دۆڵی ڕافیدەین دەگێرێتەوە بۆ نیشتەجێبوونی دانیشتوان لە پێدەشتەكاندا,لە 5000 ساڵی بەرلەزاین,وە سیستەمی دەوڵەتەشار لە دۆلی رافیدەین لەوكاتەدا ,سیستەمێكی نمونەیی بووە,لە یەكێتی سیاسی یان دەوڵەت,بەم شێوەیە دوای 1000 ساڵ,لە یۆناندا ئەم نمونەیە لە سیستەمی سیاسیدا دوبارەبۆتەوەو سەریهەلداوە.

ئەو دەوڵەتە شارانە خاوەنی چەندین دامودەزگاو ئەنجومەنی سیاسی و كۆمەڵایەتی بون,وەك ئەنجومەنی شار( مجلس المدينه),بە زمانی سۆمەری (ئوكن_ukin) وە (بوخرم_Pukhrum) بەزمانی ئەكەدی,و( رئاسه المدينه واته سەرۆكایەتی) وە (شیبوت ئەلەم_Shibutalm)یش هاتووە.وە چەندین دام ودەزگای تری هاوشێوە لەوكاتە بونیان هەبووە.كریمەر كە تیابەتمەندە بەشارستانیەتی سۆمەری یەوە دەڵێت"یەكەمین پەرلەمانی سیاسی ناسراو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەوەیە كە 3000 سال بەرلەزایین,لەدۆلی رافیدەین گرێدرا,كە لە 2 ئەنجومەن پیكدەهات,یەكێكیان ئەنجومەتی پیران و ئەوەیتر,ئەنجومەنی ئەو هاولاتیانەی كە تواناى هەلگرتنی چەكیان هەبوو"[43].

جگە لەمە یەكێتیە سیاسیەكان و گروپە پیشەیەكان,ئەوانەی بە كاری دەستی و بواری بازرگانی و كرین و فرۆشتنەوە خەریك بوون رۆژبەرۆژ لە زیادبوندابون و خاوەنی پێگەی كۆمەلایەتی بوون.كۆمەلگەی كۆنینە لە نیشتمانی عەرەبیدا,لەسەر بناغەی دەسەڵاتێكی سیاسی ڕاوەستابوو,كە شەرعیەتی خۆی لەسەرچاوە ئاینیەكان و هێزی سەربازیەوە وەردەگرت,بەڵام لە ڕوی كردەیی یەوە,زانایان و بازرگانان و خاوەن پیشەكان و سەرۆكایەتی دەستەو تاقمەكان,بواری گشتیان پڕدەكردەوە.

لەوسەردەمەدا تاقم و گروپی پیشەیی جیاجیا پێكەوە دەژیان و تا ڕادەیەكی زۆریش مامەلەیان بە شێوەیەكی سەربەخۆ لەگەڵ یەكتریدا دەكرد.تایەفەكان و پەیرەوە دینیەكان و كەمینە نەژادیەكان و گروپە پیشەییەكان,كاروباری خۆیان لە رێگەی ئەوكەسانەوە ڕایی دەكرد,كە هەلدەبژێردران و دیاریدەكران.

[43] بۆزانیاری زیاتر لە بارەی بارۆدخی سیاسی و ئابوری و كۆمەلایەتی لە دەولەتە شارەكانی دۆلی رافیدەین,بگەرێوە بۆ عبدالوەهاب حميد رشيد: ,المصدر السابق, ,ص 127-132. ,

[44]چەمكی كۆمەڵگەی مەدەنی و بەشداری سیاسی و شێوازی حوكم و فەرمانڕەواییكردن لە نیشتمانی عەرەبیدا,چەند قۆناغێكی تری بڕیوە,تا گەیشتۆتە ئێرە.قۆناغی دووەمی ئەم مەسەلەیە,كاریگەربونی پێشڕەوان وبانگەوازكارانی چاكسازی عەرەبین لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بە فیكرو بیروبۆچونە رۆژئاوایەكان.لەوێنەی قسەكردن لەسەر(الوگن,الدستور,هەلبژاردن...).بێئەوەی راستەوخۆ قسە لسەر كۆمەڵگەی مەدەنی بكەن,بە شێوەیەك لە شێوەكان لەم چەمكە نزیكبونەتەوە.ئەوە لە ڕێگای گەشت كردنی كۆمەڵێك كەسایەتی و رۆشنبیری عەرەبی بۆ وڵاتانی ئەوروپی و پاشان كاریگەربونیان بەو شێوازە لە ئیدارەو بەڕێیوەبردن و چۆنیەتی فەرمانرەواییكردنەی كە لەو وڵاتانە پیادەدەكرێن.

لە نمونەی ئەو كەسایەتیانەاحمد فارس شدياقی لوبنانی(1804_1887),خاوەنی پەرتوكی(كشف المخبئا فی فنون اوروبە) وە(الگهگاوی) لە(تلخيص الابريز فی تلخيص باريز) و(احمد بن ابی الصّياف) لە(اتحاف اهل الزمان) و(خيرالدين) لە(اقوم المسلك)و شێخ بيرم الخامس لە(صفوە الاعتبار) و(محمدالسنوسی) لە پەرتوكی(الاستگلاعات الباريسيه)[45].وە زۆرێكی تریش كە ناكرێت لێرەدا ئاماژە بە ناوی هەمویان بكەین.ئەمانە دوای گەڕانەوەیان وسەرسام بوونیان بەشارستانیەتی ئەوروپی,بەشداریەكی كاریگەریان لە لە بڵاوكردنەوەی بیری نوێخوازی كردووە لە نیشتمانی عەرەبیدا.

قۆناغی سێ یەم:دەگەڕێتەوە بۆ نوسینەكانی هەردوو رۆشنبیری گەورەی عەرەبی سوری عبدالرحمن الكواكبی (1849-1903) و فرانسیس فتح الله مراش 1835(-1874),كە ئەوەی دووەمیان پەرتوكێكی لە ساڵی 1865 بڵاوكردەوە بە ناوی(غابە الحق),لە بارەی(مراش) وە گوتراوە,خاوەن عەقڵێكی گەورە بووەو بەشداری یەكی كاریگەری لە دامەزراندن و گەشە پێدانی كۆمەڵگەی مەدەنیدا هەبووە.وە یەكەم رۆشنگەربووە,كە ویستویەتی جارێكیتر بە شۆرشی فەرەنسی دا بچێتەوە و تیۆرێكی سیاسی و فەلسەفی نوێی لەسەر بنیات بنێت[46].

عبدالرحمن الكواكبیش لە كتێبی(گبائع الاستبداد),دا دەڵێت"هیچ حكومەتێك لە ژێر پێناسەی ستەمكاری و ئیستبداد دەرناچێت,ئەگەر لە ژێرچاودێری و لێپرسینەوەیەكی توندی هاوڵاتیاندا نەبێت"[47]. ئەو بۆچونەی كەواكبی هەمان دیدو تێروانینی فەیلسوفی بەریتانی جۆن لۆكە,كە دەیگوت"سیاسەتكاران لە ناخی خۆیاندا حەیوانێكی درندەی كێوین,كە لە بەكارهێنانی ملهوڕانەی دەسەڵات بۆ بەرژەوندی خۆیان هیچ دودڵ نین.بۆیە دەبێت ئەم سیاسەتكارانە لە ڕێگای بەكارهێنانی

---

[44] فالح عبدالجبار,سرجاوه ی پێشوو,ل 12_13.

[2] الحبيب الجنحانی وسيف الدين عبدالفتاح اسماعيل, المجتمع المدنی وابعاد الفكريه,الگعه الاولی , دار الفكر المعاصر, ديمه شق,2003 ,ص 115_116.

[46]عبدالوهاب حميد رشيد,المصدرالسابق,ص 115-116.

[47]هەمان سەرچاوە,ل 115.

دامەزراوەو لەمپەری بەرچاوو چاودێری بەردەوامەوە لە چوارچێوە بخرێن و دەستەمۆبكرێن.,بۆیە سیاسەتمەداران هەمیشە دەبێت لە ژێر چاودێری و رەخنەی خەلكدابن,ئەگینا بۆلای خراپەو گەندەلی ملدەنێن[48].

قۆناغی كۆتایی بلاوبونەوەی چەمكی كۆمەلگەی مەدەنی و ئاشنابونی تەواوەتی نیشتمانی عەرەب,بۆ ئەو چەمكە بۆ سەرەتای حەفتاكانی سەدەی بیستەم دەگەرێتەوە,كە لەماوەی سالانی 1974-1994دا,شەست دەولەت لە سیستەمی دیكتاتۆریەوە گواستیانەوە بۆ سیستەمی دیموكراتی,كە زانایانی سیاسەت و سۆسیۆلۆژیا بەم دیاردەیە دەلێن شەپۆلی سێ یەم.بە پێی بۆچونی زانای سیاسی ئەمریكی سامویل هانیگتۆن(1927_2008),شەپۆلی یەكەمی دیموكراسی دوای سەرهەلدانی شۆرشی ئەمریكی و فەرەنسی هەلێكردوەو شەپۆلی دووەمیش لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانی یەوە(1914_1918) دەستپێیكردووە تا كۆتایی شەستەكانی سەدەی رابردوو,شەپۆلی سێ یەمیش لە حەفتاكانەوە تا ئێستا بەردەوامە[49].

(2) كۆمەلی مەدەنی لە هەرێمی كوردستان

قسەكردن لەسەر سەرهەلدانی چەمكی كۆمەلی مەدەنی و نەشونماكردنی رێكخراوە مەدەنیەكان لە هەرێمی كوردستان كارێكی قورسە,ئەگەر ئەوە لە پێشچاو بگیرێت,بەرلە جەنگی یەكەمی جیهانی هەرێمی كوردستان(ویلایەتی موصل) ی ئەوكات لە ژێر دەسەلاتی دەولەتی عوسمانیدا بووەو سەربەخۆیی تەواوی نەبووە,لە دوای جەنگیش و سەرلەنوێ دارشتنەوەی سنوری نێوان ولاتان,پرۆسەی داگیركاری لە كوردستان درێژەی هەبووە و بە پلانی ولاتانی زلهێز(بەریتانیاو فەرەنسا),دابەشی هەرچوار دەولەتی(عێراق-ئێران-توركیا-سوریا)كراوە.لە لایەكی ترەوە ئەگەر قبولبكرێت,پارت و رێكخراوە سیاسەكان بە بەشێك لە كۆمەلگەی مەدەنی بزانین,وەك لە پێناسەكەی بورهان غلیون ئاماژە مان پێدا،ئەوە دەكرێت بلێین,لە كۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە,هەموو ئەو رێكخراوو پارتە سیاسیانەی,كە بەمەبەستی بەگژداچونەوەی ستەمی دەولەتی عوسمانی و پاشان ولاتانی تازە دروستبوی ناوچەكەدروست بوون,بە سەرەتایەك بۆ سەرهەلدانی كۆمەلگەی مەدەنی بزانین.لەدوای كۆتایی پێهێنانی میرنشینە كوردیەكان لەنیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدە هەمدا لەلایەن دەولەتی عوسمانیەوە بارودۆخێكی نوێ لەكوردستان هاتەئاراوە،گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی لەئاكامی بلاوبوونەوەی كتێب وتێكەلاو بوونی كورد بە بێگانەو سەردانی بەردەوامی كونسولە ئەوروپیەكان بۆكوردستان وای لەسەرۆك خێل وعەشیرەتەكوردیەكان كردهەست بەلاوازی وپاشكەوتوویی خۆیان بكەن لەرووی زانست وخوێندنەوە. بۆیە حەڤدە سەرۆك خێل بەناوی (40)هەزار كوردەوە داوایان لە سولتانی عوسمانی كرد قوتابخانە لەدەڤەرە كوردیەكان بكاتەوە.گەرجی دەولەتی عوسمانی لەپێناوبەرژەوەندی خۆی وگرێدانی زیاتری عەشیرەتە كوردیەكان بە سیاسەتەكانیەوە لەسالی 1892وەوە هەستا بەكردنەوەی ئەو قوتابخانانە،بەلام وەك مێژوونوسان ئاماژەیان پێكردووە ،دەرئەنجامی پێجەوانەی لێكەوتەوەو ژمارەیەكی زۆری دەرجووی خوێندنگاكان بەگیانێكی نەتەوەیی

[48] حسێن بەشیری,سەرچاوەی پێشو,ل10.

[49] فالح عبدالجبار,سەرچاوەی پێشوو,ل7.

کوردانە گۆش بوون وباوەریان بە خەباتی نەتەوەیی هەبوو[50]..هەرلەوسەروبەندەداو لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ژمارەیەکی زۆر کورد لە ئەستەنبوڵ دا هەبوون،کەلە ناویاندا ئەندامانی بنەماڵە ناودارەکانی کورد،وەك( بەدرخانیەکان،شەمزینیەکان،بابانیەکان ) و رۆشنبیرانی تر. ئەوانە یان لەبەر هۆکاری سیاسی دورخرابوونەوە،یاخوود بە شێوەیەکی گشتی لەوکوردانە بوون کە بەمەبەستی خوێندن لە کۆلێژو پەیمانگاکان روویان لە پایتەخت کردبوو.تێکەڵاو بوونی خوێندکارانی کورد بەنەتەوەکانی ترو کاریگەربوون بەشارستانیەتی ئەوروپی وهۆشیاری سیاسی ونەتەوەیی بووە هۆکاری بەرەوپێش جوونی لایەنی رۆشەنبیری وکاری رێکخراوەیی ودەستە جەمعی ئەوەش لە دەرکردنی یەکەم رۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان )لە ساڵی1898 وجەندین رێکخراوی نەتەوەیی ورۆشەنبیری وەك (کۆمەڵەی عەزمی قەومی کوردستان 1900 )و (کۆمەڵەی تەعاون وتەرەقی کورد 1908 )و(کۆمەڵەی هێڤی 1912 ) .........هتد رەنگی دایەوە.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانیش(1939_1945 ),راستر لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم,رێکخراوگەلی وەك(قوتابیان-مامۆستایان و ئافرەتا ن و پیشەوەران... ),لە هەرێمی کوردستان دروستبون کە کاروچالاکیان لە بوارە جیاوازەکاندا نواندووە.بەڵام زیاتر روخسارو ئامانجێکی نەتەوەییان پێوەدیاربووە نەك وەکو ریکخراوێکی پیشەیی و مەدەنی. ,هەڵبەت قۆناغی رزگاری نیشتمانی وا یخواستووە,ئەم حاڵەتەش بەردەوام بووە,تاوەکو سەرهەڵدانی راپەڕینی ساڵی 1991ی خەڵکی کوردستان دژ بە دەسەڵاتی رژێمی بەعس و کشانەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەت و ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دروستبونی حکومەتی هەرێمی کوردستان,کە ئەم هەل ومەرجە تارادەیەك کرانەوەی لەچاو پێشوتر دروستکرد. پەنجەرەیەك بۆخەلکی کوردستان کرایەوە,گروپ گەلی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و پیشەیی دروستبون,کە هەر رێکخراوە بە پێی توانای خۆی بەشداری لە بەمەدەنیکردنی کۆمەلگەی کوردی کردووە.

ئێستا بۆئەوەی چەمکی کۆمەلگەی مەدەنی زیاتر رون بێت لە لامان,تیشك دەخەینە سەر گرنگترین رەگەزو پێکهێنەرەکانی کۆمەلی مەدەنی و ئەو تایبە تمەندیانەی کە لەکۆمەلگەی سیاسی جیادەکەنەوە.

**تەوەرەی سێ یەم: ڕەگەزو تاییە تمەندیەکانی کۆمەڵی مەدەنی**

**یەکەم : پەیوەندی کۆمەڵی مەدەنی بەسیستەمی دیموکراسیەوە**

توێژەرانی بواری کۆمەڵی مەدەنی پەیوەندی پتەو لەنێوان چەمکی کۆمەڵی مەدەنی و سیستەمی دیموکراسیدا دەبینین،بوونی کۆمەڵگای مەدەنی بەهێز بەمەرجی بنەڕەتی بۆ دەوام و سەقامگیری دیموکراسی دەزانن،کۆمەڵگای مەدنی کۆمەڵێك گروپ و

[50] عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ،چاپی دووەم،2004،ل 124-126.

دەستەو ئەنجومەن و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیە کەبە حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی بەندنین، بەڵام دەورێکی باڵایان لەشێوە پێدانی دەسەڵاتی سیاسیدا هەیە[51].

دیموکراسی و کۆمەڵی مەدەنی تەواوکەری یەکترین و هیچیان بەبێ ئەویتریان نابێت .یەکەمیان داننانە بە جیاوازیەکان و لەیەکنەچوونی مرۆڤەکان،ئەمەش زەمینە خۆش دەکات بۆ خۆنمایش کردنی گروپ و کۆمەڵە جیاجیاکان و تەعبیر لەخۆکردن و هەستان بەچالاکیەکان ،نەبوونی دووەمیشیان یان چالاك نەبوونیان نیشانەی پرسیار لەسەر سیستەمی دیموکراسی هەرووڵاتێك دروست دەکات وبەناتەواو ناکامل دێتە هەژماردن.

دووەم : کۆمەڵە خۆبەخشەکان یان ڕێکخراوە ناحکومیەکان

کۆمەڵەکان ئەو گروپانەن کە لەکۆبونەوەی چەند تاکێك و بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەو مەبەستانە دروست دەبن کە تاڕادەیەك دیاریکراون و تاکەکان بۆ ڕازیکردنی حەزە کۆمەڵایەتیەکانیان دەبن بە ئەندامیان[52].

ئەو کۆمەڵ و ڕێکخراوانە بە ناحکومی لە قەڵەم دەدرێن چونکە هیچ جۆرە موچەیەکی مانگانە ونەسریەکی بێ پرۆژە لە حکومەت وەرناگرن چونکە لەوکاتەدا هیچ جیاوازیەك نامێنێت لەنێوان ڕێکخراوێك و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەتێکی حکومیدا.جگە لەوەی ئەمە وادەکات ڕێکخراوەکان لە کاری سەرەکی خۆیان لابدەن و لەڕووی چاودێرکردنی ئەدای حکومەتەوە چاو بەرەژێرین و چاو لەئاست کەم و کوڕیەکانی بنوقێنن چونکە خۆیان دەبن بەبەشێکی ئۆرگانی لەحکومەت.[53] لە نموونەی ئەو ڕێکخراوانەی کە لەبواری ئاوەدانکردنەوەوخزمەت گوزاریدا کاریان کردووە لەدوای ڕاپەرینەوە:کۆمەڵەی ئاوەدان کردنەوەو گەشە پێدانی کوردستانKURDS، پرۆژەی گوندە بچوکەکانی زاخۆZSVP،هەرەوەزی وئاوەدان کردنەوەی کوردستانCORK،کە لەساڵی 1992دامەزران.هەروەها ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابووری کوردستانKEDO،کۆمەڵەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانKVRA،لەساڵی1994.وەك دەردەکەوێت کاری ئەو ڕێکخراوانە کورت کراوەتەوە لەبواری ئاوەدانکردنەوەو خزمەت گوزاریدا بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بارە سەختە ئابووریەی کە کوردستانی پێدا تێپەریوە[54].. لەدوای 2008وە دووڕێکخراوی تری خۆبەخش لە بوارە جۆربەجۆرەکانی وەك:(دروستکردنی خانوو،نەخۆشخانە،قوتابخانە،سەرپەرشتی کردنی مناڵانی بێ باوك،خاوەن پێداویستی تایبەت وئاوارەکان وهاوکاریکردنی خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکان ........هتد)کاروچالاکیان نواندووە،ئەوانیش (ڕێکخراوی هانای خێرخوازی و بەرنامەی

---

[51] حوسێن بەشیری ,سەرجاوەی بیشوو, ل 81.

[52] مەنوچیهر موحسنی، دە روازە کانی کومەلناسی,وەر کیرانی :ڕێبوار سیوە یلی وئە وانی تر،چاپی یە کە م, چاپخانە ی وە زارە تی پە روەردە,هە ولێر,2002,ل 210.

[53] ئارام جمال سابیر,سەرچاوەی پێشوو,ل 93.

[54] بەختیار عبداللە کریم،ڕاپەرین .. دەروازەیەك بۆ سەرهەڵدانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقد(1991-2015)،گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین،ژمارە 3 ساڵی 2016،لا 321-322.

بەخشین)ن.کەئەوەی دووەمیان لە ماوەی (10)ساڵداو بەتایبەت لەدوای 2015 ودروست بوونی قەیرانی داراییەوەلە هەرێمی کوردستاندا بە بری (20)ملیارو(650)ملیۆن و(430)هەزاردینار،زیاترلە(75)هەزار خانەوادە لێی سوود مەند بوون.[55].

سێ یەم: ئامانج

تایبە تمەندی و جیاکەرەوەیەکی تری کۆمەڵگای مەدەنی خۆی لەئامانج دا دەبینێتەوە.ئەگەر ئاما نجی حیزبێکی سیاسی گرتنە دەستی دەسەڵات بێت ،ئەوە ئاما نجی کۆمەڵە مەدەنیەکان پاراستنی بەرژەوەندی چین و توێژە جیایاکانە لەو ململانێیە سیاسیەدا،واتا ڕێکخراوە مەدەنیەکان بەردەوام بەشوێن سوود و قازا نجی گشتیەوەن و ڕێگا نادەن بەرژەوەندی خەڵکی بەقوربانی ململانێ سیاسیەکان بکرێت. بۆیە کۆمەڵە مەدەنیەکان ئیشیان (سیاسەت کردن نیە ،بەڵکو بەخشینی ئاراستەیەکی (مرۆڤ دۆستانەیە )بەسیاسیەکان .سیاسەت لە کۆمەڵگای مەدەنیدا بوارێکی گشتیەو هەموو تاکێك لەڕێگەی پرۆسە دیموکراتیەکانی وەك (هەڵبژاردن و ڕا پرسیەوە) دەتوانی بەشداری لە پرسە سیاسیە چارەنوسسازەکانی کۆمەڵگاکەیدا بکات .

چوارەم: کردەوەی ئیرادەگەرای سەربەستە:کۆمەڵگای مەدەنی بەویست و ئیرادەی سەربەستانەی تاکەکان بنیات دەنرێت ،بۆیە جیاوازە لەفۆرمە کلاسیك و تەقلیدیەکانی وەك(خێزان ,عەشیرەت و هۆز). لەگروپی خزمایەتیدا, تاکەکەس بە ئارەزووی خۆی نەبوە بەئەندام، بەڵکو بەحوکمی لەدایك بوون یاخود بۆ ماوە بەسەریدا سەپێنراوە،کۆمەڵگای مەدەنی جیایە لە دەوڵەت ,دەوڵەت ڕەگەزنامەی خۆی یان سەروەری و یاساکانی بەسەر ئەوانەدا دەسەپێنێت کە لەچوارچێوەی هەرێمەکەیدا دەژین بەڵام خەڵك خۆیان لە پێناوی دەستکەوتنی بەرژەوەند یەکانیان چا چ مادی بێت یا مەعنەوەی تاکی بێت یان جڤاکی پەیوەندی دەکەن بەکۆمەڵگای مەدەنیەوە[56].

پێنچەم: ڕۆڵی رۆشنیران لەکۆمەڵگای مەدەنیدا: بوونی ڕۆشنبیری سەربەخۆو ئازاد لە بنیاد نانی کۆمەڵگای مەدەنیدا بە پێویست دادەنرێت ،ڕۆشنبیران بەبەردەوامی گەشە بە ئاستی هۆشیاری خۆیان و کۆمەڵگاکانیان دەدەن،کاریان ئاشکرا کردنی ئەو (نەزانراوو نەبیراوانەیە) کە دەسەڵات پەی پێنەبردوون.کۆمەڵگای مەدەنی بەبێ جۆرێکی تایبەت لە زانیاری و ڕۆشنبیری و مەعریفە مەحاڵە دروست ببێت. دەکرێ دوو ئاکاری سەرەکی لەو شێوە زانیاری و ڕۆشنبیریە لەیەکتری جیا بکەینەوە,ئەویش ڕەخنەی بوون و ڕێژەیی بوونە, ڕەخنەی بوون بەو مانایەی لەبەرامبەر ستراتیجی بێدەنگ کردن و بێمافیدا بێ دەنگ نابێت،ڕێژەی بوونیش بەو مانایەی بەناوی حەقیقەتێکی موتلەقەوە نادوێت و کەس بێدەنگ ناکات و دونیا و دیاردەکان بۆ ڕەش و سپی و دۆست و دوژمن دابەش ناکات[57].

---

[55] بەرنامەی بەخشین، www.payam.tv.

([56])فالح عبدالجبار، سەرجاوەی پێشوو,ل 6

([57])مەریوان وریا قانع، شوناس وئالوزی , جاپی یەکەم,جاپخانەی رە نج,سلیمانی,2004,ل 180.

**تەوەرەی چوارەم و کۆتایی**

**ئامانج وئاستەنگەکانی بەردەمی لەهەرێمی کوردستاندا**

**کۆمەڵی مەدەنی کۆمەڵێك ئامانج لەبەرچاو دەگرێ بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی کارەکانیدا بەدیان بهێنی ، لەهەمان کاتدا ڕووبەری کۆمەڵێك ئاستەنگیش دەبێتەوە کە دەبنە لەمپەرو بەربەست لەبەردەم گەشەکردن و فراژوو بوونیدا،کە لێرەدا تیشکیان دەخەینە سەر:.**

**یەکەم: ئامانجی کۆمەڵە مەدەنەیەکان بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگایە بۆئەوەی بە ئەرکی چاودێری کردنی دام و دەزگاکانی حکومەت هەڵبستن،لەلایەك هەڵوێست وەردەگرن بەرامبەر دیاردە ناشیرن و دزێوەکانی کۆمەڵگا ،لەلایەکی تریشەوە لەڕێگای بەشداری سیاسیان لە نمونەی (هەڵبژاردن و ڕا پرسیەوە)هەوڵی گۆڕین و نوێبوونەوەی دەزگاکانی دەوڵەت دەدەن،لەو بارەیەوە سەرۆکی وولآتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا تۆماس جیفرسۆن (1743_1826)دەڵێت (هاولآتی هۆشیار دڵی شەق دەبێت ،کاتێك دەبینێ ماف و دەسەلآتەکانی لە لایە ن قەیصەر و ناپلیۆنەوە داگیرکراوە).** [58]

**دووەم: پاراستنی بەرژەوەندی چین و توێژە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا یەکێکە لە ئامانجەکانی کۆمەڵگای مەدەنی.لە نمونەی ئەورێکخراوانە مەلبەندی ڕۆشە نبیری وکۆمەلایەتی خانزاد 1996) سەنتەری ڕاگەیاندن وروناکبیری ژنان 1997)(لانەی منداڵانی کوردستان1997)(هانای منداڵانی کوردستان 2000)** [59]..

**سێیەم: بەو پێیەی کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵگایەکی فرەڕەنگ و فرە دەنگە،لەچین و توێژی جیا جیاو خاوەن بەرژەوەندی جیاجیا پێك هاتووە،ڕەخساندنی کەشێکی ئارام بۆ گەشە پێدانی گیانی لێبووردن و خۆشەویستی و هاریکاری کردن و هەڵکردن لەگەڵ جیاوازیەکاندا لە پێشینەی ئامانجەکاندایە.**

**چوارەم: گەشە پێدانی ئازادیە گشتیەکان ،بەرەو پێشبردنی پرۆسەی دیموکراسی، قوڵکردنەوەی گیانی هاوکاری و یەکتر قبوڵ کردن ،ڕووبەڕوبوونەوەی کێشەکان لەڕێگای کاری دەستە جەمعی و گروپ بەندیەوە،ڕێکخستنی بەرژەوەندیە جیاوازیەکان لە چوارچێوەی یاسایەکی مەدەنیدا ،ئەمانە هەمووی دەخرێنە خواستی بنەڕەتی کۆمەڵە مەدەنیەکانەوە.لەنمونەی ئەوریکخراوانە(ڕێکخراوی پەرەپێدانی دیموکراسی1999، ناوەندی ڕۆشەنبیری بەدلیسی2001،ناوەندی روناکبیری وراهێنانی کلتوری مەدەنی 2001،سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی ومافی مرۆڤ2002، پەیمانگای کوردستان بۆهەڵبژاردن2002، ناوەندی روناکبیری خورماڵ2002،دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی2004، پەیمانگای نوێگەری بۆگەشە**

---

([58])عبدالوهاب حمید رشید ،المصدر السابق،ص127.

[59]بەختیار عبداللە کریم، سەرچاوەی پێشو،لا 326.

پێدان لەرانیە 2005، کارکردن لە پێناوئاشتی لەخانەقین2005،گرین بۆراهینانی مەدەنیەت لە هەڵەبجەی شەهید2006،وە دەیان گروپ وکۆمەڵەی ترکە لەو ماوەیەدا دروست بوون.[60]..

پێنچەم: پاراستنی ڕێزو کەرامەتی مرۆڤ ،یەکسانی و جێ بەجێکردنی یاسا بە سەر هەمووواندا، پاراستنی سنوری ئازادی ئەوانیتر،ڕێز گرتن لە خودو حەزو ئارەزووەکانی لە ئەولەویەتی کارەکانی کۆمەڵگای مەدەنیە.

سەبارەت بە ئاستەنگەکانی بەردەمیشی دەکرێت سەرنج بخەینە سەر چەند خاڵێکی گرنگ لەوانە:

یەکەم: گەرچی کۆمەڵە مەدەنیەکان مەیدانیکی گونجاون بۆ ئەوەی هاولاًتیان لە بوارە جۆر بەجۆرەکاندا چالاکی خۆیانی تێدا ئەنجام بدەن بەلاًم دەبینین ژمارەیەکی کەم لە هاولاًتیان بەشداری لە چالاکیە کانی ئەو گروپانەدا دەکەن ئەمەش بۆتە بەربەست لەبەردەم کاریگەری ئەو ڕێکخراوانە بەسەر حکومەتە وە بەڵکو بە پێچەوانەوە دەرفەتی بە حکومەت داوە،ڕێکخراوەکان سنورداربکات و هەژموونی خۆی بەسەر کۆمەڵگای مەدەنیەوە بسەپێنێ(بەرچاوترین نمونە بەشداری کەمی مامۆستایان وفەرمانبەران لە خۆپیشانەکاندا، بەبەراوورد بەو ژمارە زۆرەی فەرمانبەران کەلەبریارەکانی حکومەت زیانمەندبوون)

دووەم: لەزۆربەی وولاًتانی ئیسلامی و عەرەبیدا کە (ئێمەی کوردیش) بەشێکین لەو سیستەمە ،دەسەلاًت لەلایەن نوخبەیەکی سیاسی پاوانخوازەوە ئیدارە دەدرێت و دەستی بەسەرداگیراوە، ئەمەش واتا نەبوونی سیستەمی دیموکراسی کە ئیمانی بەفرەیی و جیاوازیەکان هەبێت ولەرێگای یاساوە رێگیان بخات و هەلی چالاکی و تەعبیر لە خۆکردن بۆ هاولاًتیان برەخسێنێ.بەنمونە کاریگەرترین توێژ کەتوێژی گەنجانە،بەپێی راپۆرتی ساڵانەی رەوشی گەنج کەلەساڵی 2008دا بلاوکراوەتەوە بەپێی یاساو رێنماییەکان،گەنج گەنجیەتی خۆی لە دەست دەدات تا دەگاتە پلەیەکی وەزیفی وئیداری لە هەرێمدا[61].

سێیەم: ئەگەرچی یارمەتیدەرانی ڕێکخراوە مەدەنیەکان لەڕووی داراییەوە لەلایەن لایەنی دەرکیەوە بەتایبەتی وولاًتانی ئەوروپی و ئەمریکی فرسەی جولەو چالاکی ڕێکخراوەکان زیاتر دەکات،بەلاًم لەهەمان کاتدا،بەدگومانی لای هاولاًتیان بەرامبەر بە کارو چالاکی و جموجۆڵە جۆر بەجۆرەکانیان دروست کردووە،لای هاولاًتی والێکدەرێتەوە ودەخەملێنرێ کە ئەم ڕێکخراوانە بەکار دەهێنرێت, هێندەی ئەوەی پەرەدان بێت بە دیموکراسی و مەدەنیەت لە ناوچەکەدا.سیمای زەقی کاری ڕێکخراوەیی لەدوای2003وروخانی رژێمی بەعس بریتیە لەلێشاوی پاڵپشتی مادی جالاکی ڕێکخراوە ناحکومیەکان،کەرێکخراوە نێودەوڵەتیەئەمریکیەکان بەبێ بوونی دیدگایەکی دروست لەسەرژینگەی سیاسی وکۆمەلاًیەتی وکۆمەڵگای مەدەنی ،روویان کردە عێراق ودەستیانکرد بەپێدانی پارە بە ڕێکخراوەکان وهاندانی عێراقیەکان بۆدامەزراندنی ڕێکخراو،هاوکات زۆرینەیان هەر وەك ریکخراوە خۆماڵیەکان بەدوای بەخشین وپاڵپشتیدا وێڵبوون.هەروەها حکومەتی هەرێم بە هەندێك ڕێکخراو کەزۆربەیان سەربەیەکێك لەحزبی دەسەلاًتداربوون،مانگانەیەکی زۆری بۆتەرخان کردبوون بەجۆرێك

[60] هەمان سەرچاوەلا 326.

[61] ڕێکخراوی توانا سازی لاوانی کوردستان، ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕەوشی گەنج لە کوردستان، 2008،دەزگای ئاراس،هەولێر2009،لا 35.

مانگانەبری(82000000)مليۆن ديناردراوەبە(214)ڕێكخراو،ئەمەش وايكرد ژمارەيەك لەڕێكخراوی مانگانە خۆری خاوەن نوسينگەی بێ چالاكی لە هەرێمدا بێتەئاراوە.[62]..

چوارەم: بەرزی ڕێژەی نەخوێندەواری لە ناوچەكەو هەرێمی كوردستاندا بۆتە گرفتێكی گەورەی بەردەم گەشەكردن و نوێ بوونەوەی كۆمەڵگا بە پێی سەررژمێريەكی نافەرمی لەساڵی 2001 دا ڕێژەی نەخوێندەواری لە پارێزگای سلێمانی 27٪ و لەپارێزگای هەولێر و دهۆك 34٪ بووە [63] كە ئەمە ڕێژەيەكی گەورە يە و بەربەستێكی پۆڵاينە لەبەردەم هۆشياری كۆمەلايەتيدا.

پێنجەم: نەبوونی تاكی هۆشيار: كۆمەڵگای مەدەنی لەسەر شانی مرۆڤە هۆشيارەكان بنياتدەنرێ ،بەسەرنجدان بەڕێژەی زۆری نەخوێندەواری لەلايەك وكەمی خوێنەرو خوێندنەوە لەلايەكی ترەوە ،دەرخەری ئەو ڕاستيەن كە ئاستی هۆشياری كۆمەلايەتی و سياسی ئێمە لە ئاستی پێداويستدا نيە و تەنانەت هەندێ لە ڕۆژنامەو گۆڤارەكان بێ بەرامبەر دابەش دەكرێن بەلام ناخوێنرێنەوە.(لەبەر رێزی قەڵەم ونوسين ناوی ئەوروژنامانەمان نەبردووە كەناخوێنرێنەوە) مۆنتيسكۆ لە ڕوحی ياساكاندا ئاماژەبەوە دەكات كە باشترين دەستور و ياسا پێويستی بە تاكی هۆشيار هەيە كە پراكتيزەی بكات و بيخاتە بواری جێ بەجێ كردنەوە.

شەشەم: نەبوونی دەستورێكی مەدەنی سەرچاوە گرتو لە مافەكانی مرۆڤ و ديموكراتيەوە ، وايكردووە هاولاتيان ئاشنای ئەرك و مافەكانيان نەبن، لەو حاڵەتەشدا دەسەلات بەبيانوی جۆر بەجۆر پێشێلی مافەكانی مرۆڤ بكات و سنوری ئازادی و چالاكيەكانی هاولاتيان سنوردار بكات.(بەرجاوترين نمونە ئەوفەوزايە بووكە لەغيابی دەستوردا لەسەرياسای سەرۆكايەتی هەرێمدا دروست بوو،ج بەلايانگرو ج بەدژ).

حەوتەم: بەحيزبی كردنی دام و دەزگاكان ورێكخراووسەنديكاكان و لێك جيانەكردنەوەی دەسەلاتەكانی لەيەكتری، پرۆسەی نوێ بوونەوەی كۆمەلايەتی و سياسی ئەم هەرێمەی پەك خستووەو بواری چاكسازی و بەمەدەنی كردنی كۆمەڵگای ئفليج كردووە.لەوبارەوە ژنە چالاكوانێكی كەنەدی باس لەدابەش بوونی سياسی وحزبی رێكخراوە كورديەكان دەكات لەكەنەدا،ئەمەش ئاماژەيە بەوەی كە زۆرلە رێكخراوەكان سەربەيەكێك لەودوو حزبە يان كەسانی بالای ئەو دووحزبە بوون.بوونی پۆستی سەرۆكی رێكخراوە NGOكان لە مەكتەبی رێكخراوەكانی حزبەكاندا،بەرجاوترين نمونەيە لەپەيوەست بوونی رێكخراوەكان بە حزبەكانەوە[64]...كەئەمەش دوورونزيك رێكخراوەكان لەئەركە راستەقينەكەی خۆيان دووردەخاتەوە.

---

[62] بەختيار عبدالله كريم، سەرچاوەی پێشو،لا.328-329.

([63])ئەم م رێژە يە وە رگيراوە لە بەرێز ابراهيم عبدالله محمد امين بە ريوە بەری فير كردنی نا ئاسايی پارێزگای سليمانی لە بەرواری 2018/3/12..

[64] بەختيار عبدالله كريم، سەرچاوەی پێشو،لا. 323-324.

هەشتەم:نەبوونی یاسایەكی تۆكمە كەدەستی دەسەلاَتداران بگرێت لە پێشێل كردنی مافەكاندا،بۆتە هۆی ئەوەی سیاسە تمەداران بەحەزی تاكە كەسی شرۆڤەوشیكاری یاسابكەن و,چۆن لە بەرژەوەندیان بێت ئاوها مامەڵەی لەگەڵدا بكەن.لەو بارەوە بیرمەندی ئەمریكی فرانسیس فۆكۆیاما( 1952_ ) لە پەرتوكەكەیدا ( نهایە التاریخ ) دا دەڵێت ( ڕەنگە سیاسە تمەداری ئەمریكی بەدڵ حەزبكات،وەك ناپلیۆن و قەیصەری جاران دەسەلاَتی نەبراوەی لەدەستدا بێت،بەلاَم یاساو دەستوری ئەمریكی ڕێگە نادات لە ( جیمی كارتەر)و ( ڕۆنالد ڕێگان )زیاتر بێت،قەیدەكانی چەندین دامەزراوی بەهێز و هێزە سیاسیەكان لە هە موو لایە كە وە دە ییە ستنە وە و وایلێدە كە ن ئاواتە كانی لەو ڕێگەوە بهێنێتەدی كە خزمەتكاری خەڵك بێت نەك سەرداری )[65].

نۆیەم: نەبوونی كیانی نەتەوەیی وسەقامگیری سیاسی بەردەوام عوزرو بیانوی دەستی دەسەلاَتداران بووە بۆ دواخستنی پرۆسەی نوێ بوونەوەی كۆمەڵگاو ئیقرارنەكردنی مافی هاولاَتیان وەك چۆن ململانێی ( عەرەب –ئیسرائل ) بیانووی دەستی سەرانی عەرەب بوو بۆ پەككخستنی پرۆسەی دیموكراسی لە وولاَتەكانیاندا.

دەیەم: تێپەڕنەبوونی كۆمەڵگای كوردی و وولاَتانی ناوچەكەو ئاشنا نەبوونیان بە بزوتنەوە گەورەكانی مرۆڤایەتی وەك (ڕێنیسانس, ڕیفۆرمی ئاینی،بزوتنەوەی رۆشەنگەری و شۆڕشی فەرەنسی و ...هتد) كە هاوكارێكی گرنگی هەڵوەشاندن و هەڵتەكاندنی پەیوەندیە تقلیدی و كۆنەكان و گواستنەوەی كۆمەڵگا بوون بۆ قۆناغێكی نوێ و ژیانێكی مرۆیی باشتر.

لەگەڵ ئەوبەربەستانەشدا رێكخراوەكان ج حزبی وج سەربەخۆكان لە ئاستێكی خوازراویش نە بوویێت رۆڵ وكاریگەریان بەسەرگۆڕینی یاساكانەوە هەبووە ،لەوێنەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ودابەزاندنی تەمەنی خۆكاندید كردن بۆپەرلەمان وگۆرینی یاسای رێكخراوەكان و.........هتد.

## ئە نجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئە نجامەی كە:

1-ئەگەرچی مەفهومی كۆمەڵگەی مەدەنی بەم شێوەیەی كە ئیستا هەیە و بەكاردەهێنرێت نوێ یە,بەڵام سەرەتاكانی لە مێژووی كۆنی یۆنانی و ڕۆمانی و دۆلی رافیدەین دەدۆزینەوەو پەی پێدەبەین.

2-چەمكی كۆمەڵگەی مەدەنی چەمكێكی ئیشكال ئامێزەو لە زەمان و زەمینی جیاو لە لایەن فەیلسوفانی كۆن و نوێ قسەی جیاوازی لەسەركراوەو شرۆڤەوشیكاری جیاوازی بۆكراوە.لە لای هەندێك توێژەران واخەملێنراوە,كە ئەستمە بۆجونێكی ئاشكراو رو نمان سەبارەت بەم چەمكە دەستگیربیت و لەسەر یەك پێناسە بگیرسێینەوە.

[65] وەرگیراوە لە :عومە ر عە لی غە فور, بە ئایدۆلۆژیا كردنی ئاین ,جاپی یە كەم ,جاپخانەی زین,2002, ل 42..

3-گەرچی ئەم چەمکە چ بە مانا کۆنەکە ی و چ لە بەکارهێنانە نویٚ یەکەیدا,مێژوویەکی درێنی لە وڵاتانی رۆژئاوادا هەیە,بەڵام بە هۆی بوونی سیستەمی شمولی لە وڵا تانی عەرەبی و ئیسلامیدا,کە ئیمەی کوردیش ژێردەستەی ئەم رژێمانەبوین,زۆر درەنگ بە کۆمەلگەی ئیمە ئاشنابووە و پایەکانیشی لەبەر چەندین هۆکار بە لاوازی وستاون و لە جیاتی(چاودێریکردنی حکومەت,چاودێری دەکرێن لە لایەن حکومەتەوە,لە جیاتی بکەربن,بونەتە بەرکار,لەجیاتی کاریگەری,کارلێکراون ).

4.ئە وبارودوخە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەی لە هە رێمدا هەیە,یارمە تیدە ری دروست بوونی تاکێکی مە دە نی نادات، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەی دەبینرێت هەنگاو نانە بەرەو ناسەقامگیری و دروست بوونی توندوتیژی.

5. پشت بەستنی زۆرینەی رێکخراوەکان لەرووی داراییەوە بەحکومەت وای کردوە ئەو رێکخراوانە نەتوانن بە ئەرکەکانی خۆیان هەڵبستن لە چاودێری کردن و بەدواداچوونی کارەکانی حکومەتدا بەڵکو خۆیان دەستەمۆ کراون لەلایەن حکومەتەوە.

6. بەحیزبی کردنی حکومەت و بەسیاسی کردنی دامەزراوەکان گرفتیکی گەورەی بەردەم کۆمەڵگای مەدەنیە لەهەرێمی کوردستان.

**سەرچاوەکان**


- بەختیار عبداللە کریم،راپەرین .. دەروازەیەك بۆ سەرهەلدانی ڕیچکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا( 1991-2015 )،گۆڤاری زانکۆی را پەرین،ژمارە 3 ساڵی 2016.
- جان سالوین شابیرو,لیبرالیزم ( جەمك و مێژوو),وەرگێرانی :عوسمان حسن شاكر,لە بلاوكراوەكانی مەكتەبی بیرو هوشیاری (ی.ن.ك ),سلیمانی, 2005.
- حوسێن بەشیری ،دیموکراسی بۆ هەمووان،وەرگێڕانی :حوسێن محمد زادە،چاپی یەکەم ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی موكریانی،هەولێر ،2005
- خەلیل ئیسماعیل محمد، کۆمەڵی مەدەنی و ئایندەی گروپە ئیتنیەکان لەعێراقدا،سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی،گۆڤار،ژمارە 1 ،ساڵی 2004،
- رۆری ئۆبرین, مێژووی فەلسەفیانەی بیرۆکەی کومەلگای مەدەنی,وەرگێرانی :ئاوات ئەحمەد,سەردەم,گوڤار,ژمارە 33,سلیمانی ,2004.
- رید باسیل ئەلشانی،کۆمەڵگای مەدەنی ،وەرگێڕانی :رۆف بێگەرد سەردەم،گۆڤار،ژمارە 33،حوزەیرانی 2004،
- زاهیر محمدی و یاسین حاجی زادە، فەرهەنگی سیاسی ئارەش،چاپخانەی ڕۆژهەلات ،وەزارەتی پەروەردە ،هەولێر ،ساڵی 2006،

- سەعید محمەد بەرزنجی، بنەما تیۆریەكانی كومەلگای مەدەنی و رە هەندە روشنبیریە كانی,گەلاویژ,گوڤار,ژمارە 2_3,سلیمانی,2006.
- عبدالكریم سروش ,(ئایین ,لیبوردن,مەدە نیە ت),وەرگێرانی:یوسف محمد صادق,هەژان,گوڤار,ژمارە 9_10, 2002
- عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، كوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا،سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی ،چاپی دووەم،2004،لا 124-126.
- عومە ر عە لی غە فور, بە ئایدولوژیا كردنی ئاین ,چاپی یە كەم ,چاپخانەی زین,2002.
- فالح عبدالجبار ،دەوڵەت ،كۆمەڵگای مەدەنی و وەچەرخانی دیموكراسی لەعێراقدا،وەرگێرانی :ئاوات ئەحمەد ،چاپی یەكەم ،چایخانەی داناز ،سلێمانی ،2001،
- فەرهاد محمودحاتم و هێمن جبار محمود،دەركەوتنی شارستانی ،نوێ بوون ،گۆڤار،ژمارە 7 ،ساڵی 2009،
- كەریم ئەبو حەلاوە، گیرو گازی چەمكی كۆمەڵی مەدەنی ،وەرگێرانی :ئیسماعیل كوردەو ئەوانی تر،چاپی دووەم،لە بلاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوەی فكری و ئەدەبی نما،هەولێر،2004،
- مەروان مەزهەر جافر,كومەلكای مەدە نی لە هزری بیرمەندانی بە یمانی كومەلایەتی,كوج,كوفار,زمارە 13,سلیمانی,2010.
- مەریەم پورنەزەر ،كۆمەڵی مەدنی چی یە؟،وەرگێرانی یاسین عومەر ،چاپی یەكەم،چاپخانەی داناز،سلێمانی ،2003،
- مەریوان وریا قانع، شوناس وئالوزی , چاپی یەكەم,چاپخانەی رەنج,سلیمانی,2004,
- مەنوچیهر موحسنی، دە روازە كانی كومەلناسی,وەر گیرانی :ریبوار سیوە یلی وئە وانی تر,چاپی یە كە م, چاپخانە ی وە زارە تی پە روەردە,هە ولیر,2002.
- موسا ئیبراهیم ،فیكری سیاسی خورئاوا(لە مەكیافیلیە وە تا ماركس),وە ركیرانی :شوان ئەحمەد,چاپی دووەم,دە زكای جاپ و پەخشی سەردەم,سلیمانی,2007.
- موستەفا مەلەكیان ,سیكولاریزم وحكومەتی ئاینی,وەركیرانی:سە عدی حەمە خان,هەژان ,گوڤار,ژمارە 13, 2004.
- مۆنتیسكۆ ،رۆحی یاساكان،وەرگێرانی،ئیدریس شێخ شەرەفی ،چاپی یەكەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر،
- ئارام جەمال سابیر،كۆمەڵگای مەدەنی (دەسەلاتێكی بەردەم دەسەلات)،رۆشنگەری ،گۆڤار 22،سلیمانی،2007،
- یوسف گۆران ،سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لە چەمكی هاولاتیبوون ،لە بلاوكراوەكانی مەكتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك) ،سلێمانی ،2002،
- عبدالوهاب حميد رشيد، التحول الديموقراگی والمجتمع المدنی،الگبعه الاولی ،دار المدی للپقافه والنشر ،سوریه،2003،
- جون إربيبرغ،المجتمع المدنی(من اليونان حتی القرن العشرين)،ترجمه حسين ناڤم وعلی حاكم صالح ، الستراتيجيه ،بغداد 2007،ص21.

- مصگفى النشار،الحريه والديموقراگيه والمواگنه (قرأه فى فلسفه ارسگو السياسيه )،الگبعه الاولى ،الدار المصريه السعوديه للگباعه والنشر والتوزيع ،القاهره ،2009.
- فيصل شنگاوى، محاچرات فى الديمقراگيه،الگبعه الاولى ،دار الحامد للنشر والتوزيع ،عمان ،الاردن،بدون سنه الگبع .
- الحبيب الجنحانى وسيف الدين عبدالفتاح اسماعيل، المجتمع المدنى وابعاد الفكريه،الگبعه الاولى , دار الفكر المعاصر, ديمه شق,2003 .
- ئەنتەرێت:
- بەرنامەی بەخشین،.www.payam.tv
- تعريف المجتمع لغه واصتلاحاً. mawdoo3.com
- ابراهيم عبدالله محمد امين به ريوه بەرى فير كردنى نا ئاسايى پاريزگاى سليمانى له بەروارى 2018/3/12..


## تاريخ المجتمع المدني والعوائقه في اقليم كوردستان

ان الكتابة والبحث عن مفهوم المجتمع المدني والعوائق التي تكون امامه لها دوافع خاصة بها،وبالنظرلما تستعرض الأظمة الشمولية والتوليتارية نفسها هناوهناك وتقوم بتضيق الحريات وانتهاك الحقوق،سواء كانت هذه الحقوق السياسية أوالمدنية والأقتصادية والأجتماعية ووالقانونية. أصبحت بالتالي التكلم عن هذا المفهوم ضرورية،حيث ان الهدف الرئيسي لمجموعات وهيئات المجتمع المدني في كثير من الحالات هي تقصير ايد السلطة في مجالات الحياة المختلفة وتضمين مساحة الحريات،لكي يعبر المرء عن تمنياته وارادته ومتطلباته وليحس بكرامته ووجوده في المجتمع.

هدف البحث:

يهدف هذا البحث لالقاء الضوء على تاريخ هذا المفهوم وظهوره في البلدان الأوروبية ثم مجيئه الى البلدان العربية الأسلامية والى العراق واقليم كوردستان فيما بعد،ثم للوقوف على العوائق التي تظهر امامه وكذلك محاولة التمدن الهيئات وتطوير الحقوق في الأقليم.

اهمية البحث:

تستعرض اهمية هذا البحث فيما يظهر بان الفرد الكردي يحس الآن اكثر من اى وقت آخر بهاميشيته وانتهاك حقوقه،ويثبت بالتالي بأن التجمع وتشكيل المنظمات المدنية ستكون ضروريا.

خطة البحث:

يتكون البحث بالأضافة الى المقدمة واهم النتائج التي وصل اليها الباحث والملخص باللغتين العربية والأنجليزية من اربع محاور،ففي المحور الأول القي الضوء على مفهوم وتعريف المجتمع المدني،وخصص المحور الثاني لتاريخ ظهورهذا المفهوم،وفي المحور الثالث وضع النضرعلى بنياد المجتمع المدني وخصائصهاوعناصرها،وأخيرا ربط المحورالرابع بأهداف المجتمع المدني وعوائقه في اقليم كوردستان.

# The history of civil society and its problems in the Kurdistan region
## *"A historical and intellectual research"*

**Abstract**

There is no doubt that, writing and researching on civil society and its difficulties always has some motivations. Especially, this is will be right when we look at totalitarians system which they reduce freedom and political, economic and social rights. After the appearance of totalitarians system in the twentieth century in the shape of Nazism and fascism, the term of civil society was one of the essential dialogue in the world.it is true that, the main aims of civil society is reducing the states role in different sectors of society and providing moe freedom to individuals to demonstrate abilities and obtain self-determention in society.

**Aim of the research:**

The purpose of this research is to demonstrate the history of civil society in Europe then its appearance in Arabic and Islamic states and in the Kurdistan region.as well as illustrate is difficulties in the Kurdistan region.

**Significant of the research:**

This study is very significant for Kurdish individuals as nowadays they fell ignorance and non-rights in their society. Therefore, Kurdish individuals needs to create groups, organizations to organize themselves and obtain their rights.

**Research plan:**

This research consists of preface, four main sections and conclusion.in the first chapter the term of civil society and its definition has been discussed. Also in the second section, the history of civil society demonstrated from the ancient time until modern period. Regarding the third section the ingredients and its characteristic has discussed. Finally, this study focused on the aims and difficulties in civil society in the Kurdistan region